دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٣، شەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ٢١ی مەی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com



**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە تویتێکدا:**

هەر چەند کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەستی پێیان ڕاگەیشتووە، کارەساتێکی ئەوتۆش بەسەر لوبنان هێناوە کە بەم زووانە سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ، بەوحاڵەش ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی لوبنان، هەنگاوێکی سەرەتایی بەڵام گرنگ لە دژی ڕۆڵی ئەو ڕێژیمە لە لوبنان بوو.
ئەوە ڕەوتێکە لەپەرەگرتنی بی باوەڕیی خەڵک بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕوو لە هەڵکشانە. ئێمە پشتیوانی لەو ڕەوتە دەکەین.



تاران ناتوانێ کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات بەگژ یەکدا بکاتەوە

٤





دەرگای داخراوی سیاسەت و ئاکامەکانی

٦



مێشکی نەخۆش و لێکدانەوەی پێچەوانە

٨



دیمانەی کوردستان

١٠

# گڕکانی بێزاری





لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی تاران، سەفەرێکی لەناکاوی بۆ پارێزگای ورمێ کرد و، جیا لەوەیکە پەراوێزەکانی ئەم سەفەرە خۆی جێگەی باسوخواستی تایبەتن، زۆر ڕووهەڵماڵراوانە وتی: « داهاتووی وڵات زۆر گەش دەبینم. ئێمە لە سەر هێڵین و لەو گۆڕەپانەدا کە «خەڵک» و «ئێمە» بوونمان هەیە، گۆڕەپانەکە چۆڵ ناکەین و کارەکانمان دەبەینە پێش!.»
ئەم سەفەرەی ناوبراو بۆ بەشێک لە کوردستان، ئەویش لە کاتوساتێکدا کە ئێران بەگشتی لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاری قووڵ بەرەوڕووە لە جەوهەری خۆیدا پرسیارخولقێنە! لە سەروبەندێکدا کە نرخی ڕەسمی ئارد و چەندین پێویستیی خۆراکی خەڵک ڕاگەیەندرا و وەک خۆیان دەڵێن نەشتەرگەریی ئابوورییان کرد و خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان تاکوو بانەمەڕی ١٤٠١یش لە ڕۆژژمێری شۆڕشی ئێران بخەنە پاڵ ڕۆژ و مانگەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و بەفرانباری ٩٦.
خەڵک ئەمجارەیان بە بیانووی گرانی هەوسارپچڕاو و نەمانی بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیانیان و بچووکتربوونەوەی سفرەکانیان لە هەرێمی ئەلئەحوازەوە ڕاپەڕین و دەنگی خۆیان گەیاندە لوڕستان و کۆهگیلویە و چوارمەحاڵ و بەرەبەرە چەندین شار و پارێزگای دیکەشیان تەنییەوە و لەم هەلە کەڵکیان وەرگرت تا جارێکی تر هاوار بکەن: «مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی»؛ وەک پێشبینیش دەکرا وڵامی دەسەڵات وەک هەموو جارەکانی دیکە بریتی بوو لە سەرکوت و زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی و پچڕاندنی ئینتێرنێت و گرتنی بەشێک لە ناڕازییان.
پێشبینییەک کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی چاودێری مافەکانی مرۆڤی هێنایە سەر هێڵ و ڕایگەیاند: «کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی توندوتیژی و چەکی کوشندە هەوڵ دەدات ناڕەزایەتی و ئێعترازی خەڵکانی ئێران سەرکوت بکات.»
چ لە جارەکانی پێشوو و چ لە ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارەدا خاڵێکی گرینگ بوونی هەیە کە کۆماری ئیسلامی هەم ئەودەم و هەمیش ئێستە لێی بێئاگایە؛ ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک چیدیکە ناتوانێ تابلۆی برسیەتی منداڵەکانی ببینێت بەڵام بەپێچەوانەوە دەتوانێ تابلۆی کوژرانی خۆی لە سەر شەقامدا وێنا بکات چونکە وەک خۆیان دەڵێن: «هیچ شتێکیان نەماوە تا لەکیسی بدەن و ترسی لەدەسدانیان هەبێ، کەواتە درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن.»
بەڵام سەبارەت بە سەفەرەکەی ڕەئیسی بۆ کوردستان و بەڕوونی بۆ مەهاباد دەبێ پێمل بەو ڕاستییە بین کە ئامانجی ناوبراو لەم سەفەرە، نەک وەک دەڵێن هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوە و گوێگرتن لە داخوازییەکانی خەڵک بەڵکوو سەفەرێکی تەواو سیاسی – ئەمنیەتییە.
پێش لە هەموو شتێک مەهاباد شارێکی ستراتیژیکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە کۆمەڵێک ڕووداوی گرینگی سیاسی و مێژوویی تێدا خولقاوە کە هەر کام لەو ڕووداوانە شوێندانەرییان لەسەر هەم کوردستان و هەمیش باقی هەرێم و ناوچەکانی ئێران داناوە.
هەر ئەم پرسەش وای کردووە کە ببێتە مایەی سەرنجی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ و لە هەمان کاتیشدا نوێنگەیەک بۆ ئیرادەی نەتەوەیی لە کوردستان؛ کەواتە هاتنی ڕەئیسی لەو ڕووەوە دەتوانێ مژارێک بێت بۆ شەنوکەوکردن کە دەیهەوێ بەم سەفەرەی وەها بنوێنێ کە کوردستانی هەردەم ناڕازی بە کەشی زاڵ، ئەوەتا لەژێر سێبەری خۆماندایە و ئارامە! غافڵ لەوەیکە چ بە هاتنی ئەو و چ بە سەفەری کەسانی سەرتر لەویش نەتەنیا هەست و ویستی گۆڕانخوازی و ئازادیخوازی و مافویستی لە کوردستان دانامرکێ بەڵکوو تا لە تەمەنی پڕنەگبەتی ئەوان زیاد دەبێ، لە ئاست و ڕێژەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانیش زیاتر دەبێ و وەک دەڵێن کوردستان ئاگری بن خۆڵەمێشە و ڕۆژێک بەڕوویاندا دەتەقێتەوە و دوابزماری تابووتەکەیان لێ دەدات.
پرسێکی تر کە لەم نێوانەدا دەبێ باسی لێوە بکرێت و گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە ئەوەیە کە بەپێی بەڵگەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا خاوەن کانگا و ژێرخانی دەوڵەمەند و سەرچاوەی ئاوی مەزن و زەوی بەپیت و بەرەکەتە و ئەم سامانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرەو ناوەند و مافیاکانی سەر بە دەسەڵات بەتاڵان دەبرێن و هەرچەند هەژاری هەنووکە ئیتر باڵی بەسەر گشت کۆمەڵگای ئێراندا کێشاوە بەڵام ڕێژەکەی لە نێو نەتەوە کۆلۆنیکراوەکاندا چەندقاتی ناوەندە.
کەواتە ئەگەر لە شارەکانی وەک ئیسفەهان و تاران و ... خەڵک بۆ داخوازی نان دێنە سەر شەقام ئەوا خەڵکی هەرێمەکانی ئێران و بەتایبەت کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تەنیا شەڕ بۆ نان ناکات بەڵکوو سەرتر لە نان کورد بیر لە ئازادی دەکاتەوە کە خۆراکی ڕۆح و ڕەوانیەتی و وەک چۆن لە ڕابردوودا نرخی قورسی بۆ داوە لەمەو دواش ئامادەیە بەهای بۆ بدات؛ بۆیە سەفەری ڕەئیسی بۆ کوردستان نەک لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵک بۆ نان بەڵکوو لە ترسی ئەوەیە کە کورد، وەک چۆن لە ڕابردووشدا ئۆڵگوو و سەرباشقەی باقی نەتەوەکانی ئێران بووە بۆ ئازادی و وەدەستخستنی مافەکانی، ئەمە وەک هەلێک بقۆزێتەوە تا جارێکی تر دژ بە کۆلۆنیالیزمی ناوەند ڕاپەڕێت و کۆماری ئیسلامی لە ئاگرێکەوە بگلێنی کە کوژانەوەی ئەستەم و پڕزەحمەت بێت؛ بۆیە سەفەرێکی وەها ڕێک دەخات تاکوو پیلانێکی نوێ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ناڕەزایەتییەک دابرێژێت کە وای داناوە لە کوردستانەوە سەر هەڵ بدات و تەشەنە بکاتە سەرانسەری ئێران کە لەو کاتەدا تەخت و بەختی جەماران دەسووتێنێ.
بەگشتی ئەوەیکە لێرەدا دەبێ هەمووان وەک ڕاستی و کەتوارێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی پێی پێمل بین ئەوەیە کە تاقەڕێگا و کاناڵ بۆ دەربازبوون لە نەهامەتییەکانی زاڵ و تەنیا ڕێڕەوی گەیشتن بە بەختەوەری، بێ ئەوەیکە وێنەی کەسێک لە مانگدا ببیندرێت، گوتاری شەقامە! گوتاری شەقام بەو واتایە کە تەنیا خەڵک خۆیانن کە دەبێ و دەتوانن ڕێژیم لە گشتییەتی خۆیدا لەنێو ببەن و بڕیار بۆ دامەزران و هێنانەسەر کاری سیستمێک بدەن کە مافەکانیانی دەستەبەر کردبێ؛ گوتاری شەقام بەو واتایە کە نوسخەیەک نییە لە دەرەوەی جەغزی ژیانی ئەوان پێچرابێتەوە بەڵکوو نوسخەیەکە کە لە ناخی کۆمەڵگا و بۆ کۆمەڵگا، لە ناخی خەڵک و بۆ داهاتووی خەڵک سەری هەڵداوە و هەڵقوڵیوە؛ گوتاری شەقام بەو واتایە کە گڕکانێک لێوانلێو لە تۆڵە دەستی پێکردووە کە لە شەقامەوە هاواری مافویستی دەکات و یەکەم مافیش لە نەهێشتن و نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەبینێتەوە؛ کەواتە با هەمووان بە هەر بیروباوەڕ و ئایدیایەکەوە کە هەین لە بەرەی دژایەتی کۆماری ئیسلامیدا جێ بگرین کە تاقەڕێگای دەربازبوونمانە.

## پەیڤ

### دژ-من

کەریم پەرویزی

لەوەتەی خامنەیی بۆتە وەلیی فەقیهی ئەم سیستمە کۆلۆنیالیستی-تێرۆریستییە، حەوتوو و مانگ نەبووە کە لە لێدوان و قسەکانیدا باسی دوژمن نەکا.
ئەم بوونەوەرە نەخۆشە کە چارەنووسی میلیۆنان کەس لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێران کەوتۆتە بەردەستی، بەردەوام باس لەوە دەکات کە دوژمنان پیلانی بۆ دەگێڕن! و دوژمنان دەیانهەوێ هێرش بکەنە سەر گەل و گەل لە نێو ببەن! و گەل لە ڕێ بەدەر کەن! و بەکورتی ئەوەی لە مێشکی پووچەڵی داتەپیوی خامنەییدا ڕوو دەدا، چرکە بە چرکە شەڕێکی ڕەوانی و ئابووری و ئەمنیەتی و نیزامی و دینی و کەلتوورییە کە لە نێوان دوژمن و گەلدا بەڕێوە دەچێ!
ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەستی خامنەیی لە «گەل» ئەو مرۆڤانە نین کە لە نێو جوغرافیای ئێراندا دەژین. ئەوە لە ئەدەبیاتی دروست و لۆژیکی و مرۆییدایە کە گەل بە مرۆڤەکانی نیشتەجێیی وڵاتێك دەڵێن! خامنەیی خۆی ڕۆژانە بە سەدان کەس لەم مرۆڤانە ئەشکەنجە دەکا و فەرمانی کوشتاریان دەدا و لە پەتای کۆرۆنادا بە پێی ئامارە نافەرمییەکان هەشت سەد هەزار کەس لەم مرۆڤانە بە کەللەڕەقیی خامنەیی گیانیان لەدەست دا. کەواتە گەل لە نێو مێشکی خامنەییدا خودی خامنەییە.
دوژمنیش هەموو ئەو کەسانەن کە دەیانهەوێ بە مانای وشەی دژ- من دژایەتیی بوونەوەرێك بە ناوی خامنەیی بکەن بۆیە ئەو شەڕەی لە مێشکی خامنەییدا بەڕێوە دەچێ، شەڕە لە نێوان خامنەیی و هەموو ئەوانەی وا دژی ئەم دڕندەیەن.
بۆ ناسینی سیمای ڕاستەقینەی دژ-من ەکانی خامنەیی پێویستە چاوێك لە ڕووداوەکانی ناوچە بکەین. کاتێك خەڵکانی ئێران دەڕژێنە شەقام و دروشمی دژی خامنەیی دەدەن، خامنەیی وەلەرزە دەکەوێ. کاتێك کە خەڵکی عێراق و بەتایبەت لە ناوچە شیعەنشینەکانی خوارووی عێراق، دەنگ بە دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی نادرێ و گرووپەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران شکستی سیاسی دەخۆن، خامنەیی زەندەقی دەچێ. کاتێك لە لوبنان هەر گرووپێکی مەسیحی یان سوننی یا شیعە کە نزیك بە ئێران و ڕێژیمی خامنەیی بێ، دەنگی لە کزی دەدا و لە پارلمان لاواز دەبێ، خامنەیی پشتی دەلەرزێ!
ئەم ڕووداوانە و هەڵوێست و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتییە گشتییەکانە لە ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتییە گشتییەکانە لە ئێراندا.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەبەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە، ٢١ی بانەمەڕ جارێکی دیکەش ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کردووە. سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە نوێیەدا بە تۆپ و کاتیوشا و دڕۆن کوێستانەکانی بەربزین لە سیدەکان، گەڵاڵە و سمێلان لە چۆمانی کردووەتە ئامانج.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە بە بێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی یاسا و ڕێوشوێنی دراوسێیەتی، بوونی بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکانی دژبەری خۆی لەو ناوچانەی کردووەتە بیانوو بۆ هێرش و دەستدرێژییەکانی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

هاوکات لە سۆنگەی هێرشەکانی پێشووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵکی گوندنشین و هەوارچییەکانی ئەو ناوچانە زەرەر و زیانی ماڵیی زۆریان پێ گەیشتوە، سەرەڕای ئەوەش کە تۆپبارانەکان زیانی زۆریشان لە ژینگەی ناوچەکە داوە. هێرشی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خاکی وڵاتی دراوسێی لەحاڵێکدایە کە شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتییەکان بە دۆخی ئابووری و گرانیی لەڕادەبەدەر لە زۆربەی شارەکانی ئێران وەڕێ کەوتووە و خۆپیشاندان و مانگرتنەکان لەو ماوەیەدا لە پەرەسەندندا بوونە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش کە هەموو کاتێک سامانی گشتیی وڵاتی بۆ گێرەشوێنی و قەیرانخوڵقێنی لە ناوچەدا و پەرەپێدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی تەرخان کردووە، ئەمجارەش هەر وەکوو سیاسەتی هەمیشەیی خۆی لە بری وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک، بۆ بەلاڕێدا بردنی سەرنجی گشتیی خەڵک لەسەر ناڕەزایەتییەکان دەستی بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستدرێژییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دەستێوەردانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری هەرێم و پێشێلکردنی یاسا و سەروەرییەکانی هەرێمی کوردستان و هاوکات نانەوەی کەشی ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ لەنێو دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکاندا مەحکووم دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندی هاوکاری خوازیاری ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان هەموو توانای خۆتان بۆ ریسواکردن و لەقاودانی سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بخەنە گەڕ و لە ڕێگای جۆراجۆرەوە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

## دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ سەر شاخەکانی کوردستان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

ئاگاداری خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەین کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وەرزی بەهاردا لە ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕی ١٤٠١، ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی بە چەکی جۆراوجۆری قورس و دڕۆن تۆپباران و مووشەکباران کرد. ئەم کردەوە دژە گەلییەی ڕێژیم لە کاتێکدایە کە خەڵک مەڕومالاتی لە هەندەران لە کوێستاندایە و کاسبکاران بۆ بژێویی ژیانی خۆیان دەچنە کوێستان. بەڵام ڕێژیمی دژەگەلی و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە دژی ئاسایش و دژایەتیی خەڵکی کوردستان و لە وەرزی بەرەوبوم و ژیانی خەڵک، دەست دەداتە ئەم کردەوە دژە گەلییە و خەسار لە خەڵک و شاخ و گوندەکان دەدات.

بەپێی زانیاریی دەزگای فەرماندەیی، بە خۆشییەوە زیانی گیانی وەبەر کەس و لایەنێک نەکەوتووە، بەڵام زیانی ماددیی لە خەڵک و کوێستان داوە.

ئەم کردەوە دژە گەلییە مەحکووم دەکەین و خەڵکی کوردستان لەم کردەوەیەی سپای تێرۆریستی پاسداران خۆش نابن.

لە چۆنیەتیی دەستدرێژییەکانی ڕێژیم لە داهاتوودا ئاگادارتان دەکەینەوە.

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٢١ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

## دەورەی ٢٥٦ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات




پۆلێکی دیکە لە لاوانی بەهەست و شۆڕشگێڕی کوردستان بە پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگانە و هەڵگرتنی چەکی بەرگری لە ماف و کەرامەتی نەتەوەکەیان، پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون و جێژنی دەورەکەیان لە ڕێوڕەسمێکدا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەڕی ١٤٠١ هەتاوی، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی حیزبی دێموکرات و میوانان لە چیاکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر بەشداربووانی دەورە بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لە ماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو.

پاشان «ئیدریس هورموزی» فەرماندەی هێزی ١٢٩ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن «خەلیل میلانی» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا.لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربووانی دەورە سروودێکیان پێشکەش کرد.

دواتر پەیامی دەورەی ٢٥٦ی سەرەتایی لەلایەن «ڕۆیا محیەدین زادە» بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە.لەو مەڕاسمەدا کەسانی سەرکەوتوو لە بەشی سیاسی و نیزامیدا کە پلەی یەکەم هەتا سێهەمیان بەدەست هێنابوو، لەلایەن «کاوە عەبداڵی» بەرپرسی ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا. ئەو کەسانە بریتی بوون لە «شادی سەعیدپوور، ئومید موراد وەیسی، بەشیر حوسێنی».هەروەها «فایەق مەرجان، ناسیح قاسم نژاد، محەممەد ڕەسوڵی» لەبەشی نەزم و دیسیپلین کەسانی یەکەم هەتا سێهەم بوون و لەلایەن «غاڵب حەبیبی» بەرپرسی بەشی ئامووزشی دەزگای فەرماندەییەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییەک کە لەلایەن بەشداربووی دەورە «ڕەسووڵ عەبدوڵڵا نژاد» پێشکەش کرا، کۆتایی پێهات.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی بەخشینی دوکتورای فەخری بە «خوسرەو جاف» بەشداریی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی بەخشینی دوکتورای فەخری بە دوکتور «خوسرەو جاف»، کەسایەتیی سیاسی و ئاکادێمیکی بەناوبانگی کورد، بەشداریی کرد.

ئەو ڕێوڕەسمە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٩ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، لە زانکۆی کوردستان لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو زانکۆیە و کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسی، ئایینی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد دەستی پێ کرد.

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەدنەزیف قادری»، جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریی کرد و لەلایەن بەرپرسانی زانکۆی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

دەستپێکی بڕگەی یەکەمی کاری ئەو ڕێوڕەسمە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و پاشان بەخێرهاتنی میوانان لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە بوو.

پاشان کۆمەڵێک وتار لەسەر کەسایەتیی دوکتور خوسرەو جاف و گرینگیی تێکۆشان و بەرهەمەکانی پێشکەش کرا.

دواتر دوکتورای فەخریی زانکۆی کوردستان بە فەرمی لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە پێشکەش بە خوسرەو جاف کرا.

پاشان ناوبراو بە پێشکەشکردنی وتارێک وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو ڕێزلێنانەی زانکۆی کوردستان، خەسارناسییەکی کورت و پوختی لەسەر پێگە و دۆخی بوارە جیاجیاکانی هونەر و تەلارسازی لە کوردستاندا خستە ڕوو.

لە بڕگەی کۆتایی کاری ڕێوڕەسمەکەدا کە لە دەرەوەی هۆڵی ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە چوو، «محەممەدنەزیف قادری»، وێڕای پیرۆزبایی لە دوکتور خوسرەو جاف بە ناوی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لەوحی ڕێزلێنان و چەپکەگوڵێکی پێشکەشی کرد و ڕۆڵی تێکۆشانی زانستی و هونەری و سیاسیی ناوبراوی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستاندا بەرز نرخاند و بە خاڵێکی درەوشاوە و جێی شانازیی لە قەڵەم دا کە لە بەرانبەردا دوکتور خوسرەو جاف سپاس و پێزانینی خۆی بۆ شاندی حیزب دەربڕی.

دوکتور خوسرەو جاف پێشمەرگەی دێرین و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ئەندازیاری، تەلارسازی، هونەر و ڕۆشنبیریی کوردە کە وێڕای بنیاتنانی چەندین بینا و مۆنۆمێنتی بەناوبانگ و تاشینی دەیان پەیکەرەی هونەرمەندان و نووسینی ٩٧ کتێب لە بوارە جیاجیاکاندا، ڕۆڵێکی گەورەی لە مۆدێڕنکردن و دەوڵەمەندکردنی هونەر و شارستانییەتی هاوچەرخی کورددا هەبووە.




دوایین بەرهەمی ئەم کەسایەتییە ناودارە، ئەنسکلۆپیدیای گەورەی کوردییە کە بەم زووانە چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

# پەیامی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایان سەبارەت بە زیندانیکردنی مامۆستایانی قوتابخانەکان

مامۆستایانی ئازیز!

خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان!

هەروەک ئاگادارین دۆخی مامۆستایانی کوردستان و ئێران لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، چ لە بواری پیشەیی و بژێویی ژیان و چ لە بواری ئازادیی ڕادەربڕین لە قوتابخانەکاندا زۆر خراپتر دەبێت.

مامۆستایان کە خۆیان بە خەمخۆری خەڵک و قوتابییان دەزانن، سەبارەت بەو دۆخە هەستی خۆیان بە مانگرتن و کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەردەبڕن و داوا دەکەن ڕێژیم دۆخی ژیانی مامۆستایان و ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکان باشتر بکات.

هەروەها داوا دەکەن بەرپرسانی قوتابخانەکان بۆ بەڕێوبردنی ئەرکی قوتابخانەکان خۆیان بڕیاردەر بن.

هەروەها مامۆستایان داوا دەکەن بۆ تەرخانکردنی بودجە، مووچە و پاداشی خانەنشینەکان، جیاوازی لەنێوان پەروەردە و بارهێنان لەگەڵ ئۆرگانەکانی نیزامی و ئەمنییەتی وەک سپای تێرۆریستی پاسداران دانەنرێت.

بۆچی بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران هەموو بودجەیەک دابین دەکرێت، بەڵام بۆ قوتابخانەکان هیچ بودجەیەک دابین ناکرێت؟ هەروەها مووچەی پاسدارێکی تێرۆریست چەندین بەرابەری مووچەی مامۆستایەکی قوتابخانەیە.

سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرە، بەداخەوە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، مامۆستایان کە بۆ وەدیهێنانی مافە پیشەییەکانیان، مانگرتن و نارەزایەتییان بەڕێوە برد، بەداخەوە کاربەدەستانی ڕێژیم بە گرتن و زیندانیکردن و هەڕەشەی دەرکردن لە مامۆستایان، وڵامی مامۆستایانیان دایەوە. یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، گرتن، ڕاوەدوونان، زیندانیکردن، ئەشکەنجەکردن و هەڕەشەی دەرکردنی مامۆستایان و بەتایبەت مامۆستایانی کورد بە توندی مەحکووم دەکات و داوا لە گشت مامۆستایانی ئێران و کوردستان دەکات، پاڵپشتی ئەو مامۆستا پێشڕەو و ئازادیخوازانە بن کە ئێستا بەهۆی داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی مامۆستایان لە زیندان دەسبەسەر کراون.

بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی گشتی، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بخەنە فشارەوە بۆ ئەوەی کە ئەو مامۆستایانە هەرچی زووتر ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە بۆ نێو بنەماڵە و قوتابخانەکان.

هەروەها داوا لە مامۆستایان دەکەین بە سەردان لە بنەماڵەی ئەو مامۆستایانە، پاڵپشتیی خۆیان نیشان بدەن کە ئێمەش هاوهەڵوێستی و دەنگی نارەزایەتیی خۆمان لەهەمبەر گرتن و زیندانیکردنی مامۆستایانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەڵدەبڕین.

**یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران**
**٢٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی**

# لە زنجیرەڕێوڕەسمێکدا
# ڕێز لە ٢٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات گیرا

لە چەندین ڕێوڕەسمی جیاوازدا، لەلایەن بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە ڕێز لە ئەو ئەندامانەی حیزب گیرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە بێ‌پسانەوە لە ڕیزەکانی حیزبدان.

ئەم ڕێوڕەسمانە لەلایەن کۆمیتەکانی پشدەر، بیتوێن و کۆیە، زاگرۆس، سۆران، کاوە، دێگەڵە، ڕێک خرابوو و تێیدا لەوحی پێزانین و ڕێزلێنان پێشکەش بەم کەسانە کرا: «کماڵ ئەلیاسی، یەدوڵڵا تەیموری، حەسەن پاڵانی، محەممەد کامران، حەمید پیرڕەزا، حەسەن ڕەسووڵی، عەلی ئەڵماسی، جەهانگیر ئەحمەدی، ڕەشید ڕۆستەمی، غازی ئێراندوست، عادڵ ڕەحیمی، حوسێن سەرزەلی و ڕەزاعەلی ئەلیاسی» لە کەمپی کاوە، «شەمسی ئیسماعیلزادە، نەدیفە ئەسەدی، ڕووناک قۆرخی، عیسمەت ڕەسووڵپوور، ڤیان حوسێنی، زیبا ڕەوشەن، سەیران ئیزەتی و ویدا یاری» لە کۆمیتەی زاگرۆس، «فاتمە شامورادی» و «ئایشە عەلی مورادی» لە کەمپی دێگەڵە، «کامیل دوسکی، شەهلا شێخبزینی و ئەبوبەکر زاهیدیەکتا›› لە کۆمیتەی سۆران، کەریم ئیبراهیم‌پوور، گوڵێ یووسفی، ئامینە محەممەدی، عومەر ڕەسووڵی، مەحموود تەهایی، مارف تەهایی، محەممەد عیزەت خاە، جەعفەر ئەحمەدزادە، قادر محەممەدی لە کۆمیتەی پشدەر، فەتاح ئیبراهیمی، فەتاح سەوزەواری، قادرڕەشی، ڕەسووڵ عەبدوڵڵاپوور لە کۆمیتەی بیتوێن و هەروەها بێهجەت ئازادیخاە، سەعید کاکە ئاغازادە، هادیە عەبدوڵڵا نژاد، تەها بەندوخت، قەرەنی پوورپیرۆت، بەسیدە ڕووحانی و خەدیجە میرزایی» لە کۆمیتەی کۆیە.

# هەڵۆکانی زاگرۆس ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

هەڵۆکانی زاگرۆس ڕاگەیەندراوێکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە و ڕایگەیاندووە کە جگە لە ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان هیچ پەیج و لاپەڕەیەکی تریان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمان!

هەروەک لە ڕاگەیەندراوی دامەزرانی ڕێکخراوەکەماندا بە ڕاشکاوی هاتووە: «هەڵۆکانی زاگرۆس ڕێکخراوێکی چەکداریی سەربەخۆیە کە بە مەبەستی پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆڤی کورد و پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دامەزراوە»، ڕێکخراوەکەمان لە هەر جۆرە ناوزڕاندن و دەنگۆسازکردن و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەیەک بە هەر مەبەستێک و لە هەر لایەن و کەسێک خۆ دەپارێزێت و ئەو کردارانە لە ڕاستای خزمەت بە «سیاسەتی دژی کورد»ی کۆماری ئیسلامیدا دەبینێت.

ڕادەگەیەنین کە ڕێکخراوەکەمان هەواڵی چالاکی و ڕاگەیاندنەکانی لە وێبلاگی فەرمی و ناسراوی هەڵۆکانی زاگرۆسدا بڵاو دەکاتەوە. هیچ تۆڕ و لاپەڕە و کاناڵێک کە بە ناوی هەڵۆکانەوە بابەت بڵاو بکاتەوە، پێوەندیی بە ڕێکخراوەکەمانەوە نییە و بە شێوەی گونجاو لە دژی ڕادەوەستین.

ئادرێسی خوارەوە سەرچاوەی فەرمیی هەڵۆکانی زاگرۆسە کە هەواڵ و زانیاری و ڕاگەیەندراوکانی ڕێکخراو بڵاو دەکاتەوە.

http://halokan.blogspot.com

# هەڵۆکانی زاگرۆس وڵامی تۆپبارانەکانی ڕێژیمی ئێرانیان دایەوە

«هەڵۆکانی زاگرۆس» لە وڵامی تۆپبارانی بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نزیک شاری میاندواو هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی «بەردەڕەشان».

دەقی ڕاگەیەندراوی هەڵۆکانی زاگرۆس لەبارەی ئەو عەمەلیاتە کە لە وێبلاگی خۆیاندا بڵاویان کردووەتەوە بەم چەشنەیە:

دژکردەوەی هەڵۆکانی زاگرۆس بەرامبەر تاوانی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان

ڕاگەیاندراوی هەڵۆکانی زاگرۆس

میاندواو_ پۆلی سەوزەپۆش

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی گەلانی ئێران

هەر وەک ئاگادارن سەرلەبەیانیی ڕۆژی ڕابردوو ٢١ی بانەمەڕ دەمڕاستە چەواشەکارەکانی هێزی زەوینیی سپای تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی هەواڵی پەلاماری مووشەکی و تۆپخانەییان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاو کردەوە و ڕایانگەیاند کە خەسارێکی زۆریان لە بارەگاکانداوە و زیانێکی گیانی زۆر وەبەر هێزی پێشمەرگە کەوتووە.

ڕادەگەیەنین کە بە گوێرەی زانیارییەکانی هەڵۆکانی زاگرۆس، ئەم جۆرە پەلامارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سنوورەکانی هەر دووک شاری شنۆ و پیرانشار، وەک نەریتێکی دژی گەلییانەی ئەم ڕێژیمە ساڵانێکی دوور و درێژە لە وەرزی کوێستانچوونی خەڵکی ئەو ناوچانەدا لە هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری نیشتمانەکەماندا درێژەی هەیە.

بەڵام لە ڕوانگەی هەڕەشەکانیانەوە هەڵوێستمان ڕوونە و خۆمان بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەزانین کە هێزی پێشمەرگە نوێنگەیەتی.

هەر بۆیە شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی بانەمەڕ لە دژکردەوەیەکماندا بۆ ڕوانگە و جموجۆڵی ڕێژیم و چەکدارە دژی گەلییەکانی، هەڵمەتێکی مووشەکیی وریاکەرەوەمان لەنێو دڵی بەناو «ئیقتیدار»یاندا و لە چەند کیلۆمیتریی شاری میاندواو کردە سەر مۆڵگەی سەرکوتیان لە نزیک ئاوایی بەردەڕەشان.

لەم هەڵمەتەماندا ئامانجمان ڕاگەیاندنی ئامادەیی هەڵۆکانی زاگرۆس بوو کە دەست و مەچەکمان پڕ چەکە و بە پانتایی کوردستان باڵمان کراوەیە و لە هیچ شوێنێکی ئەم نیشتمانە دا هێزی داگیر کەر پارێزراو نابن.

دەقی هەواڵ؛ دوابەدوای هێرشی چەکدارەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوێستانەکانی سنووری پیرانشار و شنۆ لەبەری باشووری کوردستان و ڕاگەیاندنی چەواشەکارانەی فەرماندەیی ئەو هێزانە، هەڵۆکانی زاگرۆس بڕیاریاندا لە پارێزگای ورمێ دژکردەوەیەکی لە ئاستی ئەو پەلامارانەدا بنوێنن وڵامی پێویستیان بدەنەوە.

هەربۆیە لە کۆتایی ئەو ڕێکەوتەدا لەنێو جەرگەی هێزەکانی دوژمندا و لە نزیک شاری میاندواو بە مووشەکی ئار. پی.جی پەلاماری مۆڵگەی بەردەڕەشان درا.

چەکداری مۆڵگەکە پاش ئەو پەلامارە، کوێرانە بە چەکی دوورهاوێژ ناوچەکەیان گوللەباران کرد.

هەڵۆکانی زاگرۆس هەروا لەنگەریان لەسەر پشتی داگیرکرانە و لەهەر ئەگەرێک هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بەرپرسیار دەزانێ.

سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی

**هەڵۆکانی زاگرۆس پۆلی سەوزەپۆش**

# چالاکیی تەبلیغی

**تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوخۆی کوردستان بە مەبەستی بەڵێن‌نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدان لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغییان بەڕێوە برد؛ ئەمەی بەردەستتان بەشێکن لەو چالاکییانەیە کە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجام دراون:**



شەوی ٢١ی بانەمەڕ ئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخ و شار لە چەند شار و گوندی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان لە کێوی «بێژینگ بەسەر» هەڵکەوتوو لەسەر جادەی ئەسڵیی بۆکان ـ سەقز بە کێشانەوەی ئاڵای کوردستان و دروشمی سەرکەوێ ڕاسان و بژی حیزبی دێموکرات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە سنە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە بەرزاییەکانی کێوی «ئاویەر» ئاڵای کوردستانیان کێشاوەتەوە و بەم شێوەیە پشتیوانیی خۆیان دەربڕیوە.

هەروەها ڕۆڵە هەمیشە ئامادەکانی دێموکرات لە شاری مەهاباد بۆ پەیمان نوێ کردنەوە لەگەل شەهیدانی کوردستان ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد.

پێشمەرگەکانی شار لە شنۆ لە گوندەکانی ‹‹سینگان، بێمزوورتێ و بابخالاوێ›› لە چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغیدا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕی.

ڕۆڵە بەرجەگەکانی دێموکرات لە شنۆ لە پەیامێکدا ڕایانگەیاند: ‹‹ئێمە وەک پێشمەرگەکانی شار ئامادەیی خۆمان بۆ هەر چەشنە جووڵانەوەیەک دەردەبڕین و پشتیوانیی خۆمان لە پێشمەرگەکانی شاخ ڕادەگەیەنین و تا گەیشتن بە ئامانجی سەربەرزی شەهیدان دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵ ناگرین››.

لەو پەیامەدا هاتووە: «لە هەنووکەدا زیاتر لە هەمیشە هێزی شار بۆ هەر چەشنە جووڵانەوەیەک لە ئامادەییدایە و ئەوەیکە بە هیچ هێز و مووشەک و تۆپباران بە چۆکدا نایەت هێزی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانە چ لە شار و چ لە شاخ».

هەروەها ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کێوی ‹‹قەرەقا›› و لە گوندەکانی کانی درێژ و گولۆڵانی بۆکان کە خەڵکێکی زۆر لە مەهاباد، بۆکان و سەقز بۆ سەیران ڕوویان تێ کردووە، بە کێشانەوەی ئاڵای کوردستان و نووسینی سەرکەوێ ڕاسان و بژی حیزبی دێموکرات چالاکییان بەڕێوە بردووە. هەروەها هێرشی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان مەحکووم کرد.

لەلایەکی تریشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «بڵەسەن» سەر بە شاری بانە بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا ئاڵای کوردستانیان لەسەر کێوەکانی هەڵکەوتوو لەو گوندە هەڵ کردووە.

هاوکات لە پشت گوندی «مەرزێلان، سارکێ، سەر کانیی محەممەد ئاڵی و کێوی گاکڕ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغیدا لە ‹‹قوروە›› وەکوو هێزی شار پشتیوانیی خۆیان لە شاخ ڕاگەیاند و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبی دربڕی.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەسەر ڕێگای نێوان قوروە و دێولان ڕووبەڕووی «سیلۆی زارعی، ئاوایی شانەوەرەکانی مامە ئیسماعیل، ئاوایی پیر باباعەلی، ئونگان و گەنجی›› بە نووسینی دروشم بۆ جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە حیزب و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەندامانی تیکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی ‹‹دادانە کەمانگەر›› سەر بە ناوچەی کەڵاتەرزانی سنە، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، خۆشەویستی و ئەمەگداریی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرزاییەکانی ئەو گوندە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لۆگۆی حیزبی دێموکرات بە داگیرکەرانی کوردستانیان سەلماندەوە کە تا وەدەیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد دەست لە خەبات هەڵناگرن.

ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات لە شاری سنە، بە کێشانەوەی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکت لە شەقامەکانی «خەسراوا، چوارباخ، بێعسەت و چوارڕێیانی ئێکباتان و بەر مەیان ئەمین» بۆ جارێکی دیکە پشتیوانییان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی. هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە دروشمی «بەردەوام بێت حدکا» و «سەرکەوێ ڕاسان» دووپاتیان کردەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی هەر جۆرە ئەرکێکی حیزبی ئامادەن.

# فینلاند/ دیداری کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیتەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕ، لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند، دیدارێکی دۆستانە لەنێوان نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پێک هات.

دیدارەکە لە شاری «ڤانتا» بەڕێوە چوو و دوو کاتژمێری خایاند.

لە سەرەتای دیدارەکەدا، «جەلال سوبحانی» بەرپرسی بەشی پێوەندییە کوردستانییەکانی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند، بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و مەبەست لە دیدارەکەی ڕوون کردەوە.

پاشان «کەریم حەبیبی»، بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە فینلاند، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بەنیسبەت ئەم دیدارە دۆستانەیە، چەند وتەیەکی لەسەر پرسەکانی ڕۆژ و هەروەها پێوەندیی نێوان کۆمیتەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی فینلاند پێشکەش کرد. «حەبیبی» لە وتەکانیدا باسی لەوە کرد: «پێویستە حیزبە کوردستانییەکان بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە پێش بەرژەوەندییەکانی دیکەوە و هەموومان پشتیوان و یارمەتیدەری یەکتر بین»؛ هەروەها جەختی کردەوە کە کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە فینلاند هەروەک ڕابردوو، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی دیکەیە. لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارە دۆستانەیەدا، نوێنەری کۆمیتە و ڕێکخستنی حیزبە کوردستانییەکانی بەشدار، وێڕای سپاس لە کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێکخستنی ئەم دیدارە، پیرۆزبایی گرتنی کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتیی حیزبیان لە بەرپرسان و ئەندامانی حیزب کرد.

بەشداربووان لە نێوئاخنی ئەم دیدارە دۆستانەیەدا ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسە پێوەندیدارەکان بە نەتەوەی کورد لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ کرد و لەسەر پێوەندی و دیداری بەردەوام و کار و چالاکیی هاوبەش جەختیان کردەوە.

ئەم دیدارە لە پاش هەڵگیرانی سنووربەندییەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆڤید ١٩، گەورەترین دیداری نێوان نوێنەرانی کۆمیتە و ڕێکخستنی حیزبە کوردستانییەکان لە فینلاند بوو کە نوێنەری ٧ حیزب تێیدا بەشدار بوون.



## درێژەی پەیڤ

نیگەرانییەکانی خامنەیی و سیستمی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێن کە هەرچەند خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە مووشەکی بالستیك و فڕۆکەی ئەمریکایی و ئیسراییلی دەترسن، بەڵام ئەوەی بە دوژمنی سەرەکیی خۆیانی دەبینن، وشیاربوونەوەی خەڵکە!

خامنەیی و سیستمی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە ئێران، حەزیان لە شەڕ و ئاژاوە و کوشتارە بەڵام هەمووی بە تاریکی و بە کەشوهەوای لێڵ و نارووونیدا جێبەجێ بکرێ. هەرجۆرە ڕوونبوونەوەی دۆخەکە و وشیاریی خەڵك بە دوژمنی سەرەکییان دەزانن و وەك هەرەسی بەفر لێی دەتۆقن!

# تاران ناتوانێ کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات بەگژ یەکدا بکاتەوە



**تاران بەئاشکرایی تەخشانپەشخان بە قووتی هاووڵاتییانەوە دەکات و بەشێکی بەرچاو لە سامانی گشتی دەدرێتە گروپە تیرۆریستەکانی سەر بە ئێران و بەشێکی دیارتریش دەچێتە سەر حیسابی ئەو بەرپرسە سیاسی و سەبازییانەی ئێران، کە پەسندی خامنەیین و هەرچی ڕێبەر بڵێت، بێ سێ و دوو لێکردن ئەنجامی دەدەن**

محەممەد سلێمانی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جارێکیتر و بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان و ڕێزدانان بۆ سەروەری وڵاتێکی دراوسێی خۆی و پاراستنی یاسا و ڕێوشوێنە نەتەوەیی و دیپلۆماسییەکان، بە بیانووی هەبوونی مەقەری هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دژبەری کاریگەر و شوێندانەری دەسەڵاتی تارانن، دەستدرێژیی نوێی کردە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و وەك پیشەی هەمیشەییان زیانیان بە خەڵك و ڕەزوباخی هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرە گەیاندووە و جگە لە بیانووگرتن بە سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان، بێگومان هۆکارێك نییە کە ئەو هێرشە بۆسەر ناوچە سنوورییەکان ئەنجام بدات.

بەداخەوە بەهۆی هێرشەکانی ئەو دواییەی هێزەکانی حکوومەتی ئاخوندی گوندە سنوورییەکان و هەوارچییەکان زەرەروزیانی ماڵیی فرەیان پێ گەیشتووە و سروشتی جوانی کوردستانیش بێگومان هەموو جارێك زیانی گەورەی بەردەکەوێت بەهۆی دڵڕەقی و دژایەتی و دوژمنایەتی حکوومەتی ئاخوندی لەگەڵ کورد بەگشتی و بەدیاریکراویش خەباتی سیاسی و نەتەوەیی باشوور و ڕۆژهەڵات.

تاران زۆر دەمێکە لەهەوڵی ئەوەدایە، بەهۆی ئەو هێرشە مووشەکی و تۆپبارانەی کە ناوبەناوە ئەنجامی دەدات، گەلی کورد لە باشوور بەگژ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکاتەوە و لەو ڕێگایەوە تەگەرە و گیروگرفت بخاتەسەر ڕێگای جووڵانەوەی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان و پێش بە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسییان بگرێ.

بەهۆی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەل لە باشوور و تێگەیشتن لە نیەت خراپی ڕێژیمی تاران کە بە چ شێوەیەك دژایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کورد دەکات و بۆ لەباربردن و تێکدانی ئاسایشی کوردستان دەمێکە خەریکی پیلانگێڕی مەترسیدارە و، بەدڵنیاییەوە سەرکردایەتی سیاسی و گەلی باشوور زۆر بەباشی لە پیلانی ڕەشی پشتی پەردەی تاران گەیشتوون و ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە کوردستان نەبن، واز لە سنووربەزاندن و دژایەتی کورد لەو بەشەی وڵات ناهێنێ.

ئەو سەردەم بەسەرچوو کە ڕۆڵەکانی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات بە سوودی تاران و بەغدا و ئانکارا و دیمەشق دەست بخەنە بینەقاقای یەکدی و بە دڵی ڕێژیمی خامنەیی و پێتەختەکانی تر، سێرەی تفەنگەکانیان لە سینگی یەك بگرنەوە.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی تاران لە بنەڕەتدا، حکوومەتی کوردستانی لەو بەشەی وڵات پێ قبووڵ ناکرێ و ئەگەر لەسەر ئاستێکی نزمدا، پەیوەندی لە گەڵدا هەبن، تەنیا بۆ مەبەستی سیاسی و نیزامی و ئەمنییە دەنا هاوکارییەك بەو بەشەی نیشتیمان ناگەیەنێت کە بە قازانجی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان بەگشتی بێت.

حکوومەتی ئێران لە کاتێکدا دەستی بەو دەستدرێژییە بۆ سەر خاکی کوردستان کردووە کە لە نێوخۆیدا لە دۆخێکی دژوار و شڵەژاوی سیاسی و ئابووری ئەوتۆدایە کە شەقامی ئێران تادێ زیاتر لەڕووی سیاسی و کردارییەوە خۆی بەدژی دەسەڵاتی خامنەیی ڕێک دەخات و هەوڵی دارمانی دەدات.

کاتێك گوشارە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر تاران زیاد دەبن، ڕێژیمی خامنەییش بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، هەوڵی ئاژاوەنانەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەدات و، ئیدی هەموو لایەك لەو گاڵتەجارییەی تاران بەئاگان و بەو هەڵسووکەوتەیان زیاتر لەبەرچاوی خەڵك ڕیسوا و بێزراو دەبن.

ڕێژیمی ئاخوندی لە کاتێکدا ئەو هێرشەی کردە سەر خاکی باشووری کوردستان کە شەپۆلێکی نوێ و بەربڵاوی بێزاری و نارەزایەتییەکان لە ئێراندا هاتنە ئاراوە و بەهۆی دارمانی ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی نرخی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، لە بەشێك لە شارەکانی ئێران بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە کە بێگومان دروشمەکان بەتەواوی ڕوون و دیارن و داوای ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە دەکەن و سپای پاسداران بە هێزێکی تیرۆریست و سەرکوتکەر ناودەبرێ و بە داعشی خۆیانی دەزانن کە جگە لە سەرکوت و زۆرداری شتێکی تر ناکات.

ئەوەی دەسەڵاتی تاران بەلایەوە گرینگ نییە و بایەخی پێنادات، یاسا و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانە و هەرکاتێك دڵیان خواستی بی، بێ بەربەست و ڕەچاوکردنی سەروەری سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق، هێرش دەکاتە سەر ناوچە سنوورییەکان بە بیانووی هەبوونی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەو ڕێگایەشدا بەشێك لە سەروەت و سامانی گشتی بەفیرۆ دەدات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامانجی لەو گوشارانەی دەیخاتە سەر باشووری کوردستان زۆر ڕوونە و تا بۆیان بکرێ هەوڵ دەدەن خەڵکی کوردستان بە دژی بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات هان بدەن و بڵێن ئەگەر لە بەر ئەوان نەبێت، کارێکی لەو چەشنە قیزەون و دژ بە ئازادی و سەروەری گەلی دراوسێیان ئەنجام نادەن.

بێگومان بۆ هەموو لایەك نیازخراپی و سیاسەتی دووڕوویی تاران ڕوون بۆتەوە و گەلی باشوور زۆرباش لە نیاز و ئامانجی ڕێژیم تێگەیشتوون و دڵنیان کە ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەوێ نەبن، لە کردارەکانی بەدژی کورد وازناهێنێ. باشە ئەگەر ڕیفراندۆم کرا، بۆچی هێزی ئێران وێڕای سپای عێراق بۆ داگیرکردنی کوردستان بەشدار بوون و تا پردێ هاتن! خۆ ئەوکات باسی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو تاران دوژمنایەتی خۆی بە دژی کورد لە هەر شوێنێك بێ ناشارێتەوە و هەوڵی لاوازکردن و پاشان لەنێوبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجیددی دەدات و ڕۆڵەکانی ئەو بەشەی نیشتمان پێویستە زۆر وشیاری پێلانگێڕییەکانی تاران بن لە ئێستادا.

گەلی کورد پێویستە بەگشتی و بەوپەڕی وریایی سیاسی و نەتەوەییەوە لەبەرامبەر ئەو دۆخەدا یەکگرتوو بێت و پشتی یەک بگرن و ڕێگا بە داگیرکەرانی وڵات نەدرێت لەوە زیاتر غەدری سیاسی لە نەتەوەکەمان بکەن. کاتێك تاران و دیمەشق و ئانکارا و بەغدا بە یەك چاو سەیری بزووتنەوەی سیاسی کوردستان دەکەن و لەکوێ بیانهەوێت بەدژی جووڵانەوەی سیاسی کورد بەمەبەستی لاوازکردنی یەك دەگرن، بێگومان کوردیش پێویستە هەست بەو مەترسییە بکات و بەوپەڕی سینگفراوانییەوە لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن و هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان یەك بخەن.

دەبێ گرینگ بۆ هەموو لایەك ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیی وڵات بێ و چیتر بە قازانجی داگیرکەرانی وڵات بەدژی یەك نەوەستین. ئێران چ وەك وڵات و دەسەڵاتێکی دۆڕاوی سیاسی و نیزامی، دەمێکە لەگەڵ قەیرانی گەورەی سیاسی و ئابووریدا دەژی و ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات بکەین دەبینین کە گەلانی وڵات بەگشتی بە دژی ئەو ڕێژیمە هاتوونەتە سەرشەقام و داوای ڕوخاندنی دەکەن. لەبەر ئەوەی حکوومەتی ئاخوندی جگە لە دژوارترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك، کارێکی ئەوتۆی نەکردووە. تەنانەتدۆخەکە ئەوەندە ناخۆش و ئاڵۆزە کە گەلی کورد بەناچاری ڕوویان کردۆتە کاری پڕمەترسی کۆڵبەری کە ڕۆژانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ئێران لێیان شەهید و بریندار دەکرێت.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ڕۆژانە سامانی گشتیی وڵات، بۆ کاری گێرەشێوێنی و فیتنەگێڕی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەدیاریکراویش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەنجام دەدرێ و بەشێکی بەرچاوی داهاتی وڵات لە خزمەت پەرەپێدان بە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران تەرخان کراوە بۆ ئەوەی دژبەرەکانی لەنێو بەرێ و لەو ڕێگایەوە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لاواز بکات.

ئەمجارەش هەروەکوو سیاسەتی هەمیشەیی تاران، لەبری وڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵك و دابینکردنی خواست و ئارەزووەکانی گەلانی وڵات، بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجی گشتیی لەسەر نارەزایەتییەکانی ئێران،دەستی بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی بڵێت ئاسایشی حکوومەتی خامنەیی زۆر لە مەترسیدایە و پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ و لەسەر سنوورەکانیان هێزەکانی دژبەریان دوور ئەخەنەوە.

حکوومەتی ئاخوندی زۆر باش دەزانێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە مەکۆی خەباتێکی سیاسی و جەماوەری و ئەو وشیارییە دروست بووە کە چیتر سەریان بۆ دەسەڵاتی خامنەیی دانانوێنن و بە ڕۆح و خوێن بەرگری لە شوناسی سیاسی و نەتەوەییان دەکەن و دەمێکە بەدژی تاران دەستیان بە تێکۆشان کردووە و ڕەدی دەسەڵاتی ئاخوندیان کردۆتەوە.

بەهۆی گرانی و بێکاری و کەمبوونەوەی پێویستییەکانی ژیان لە ئێراندا و قەیرانی سیاسی و ئابووری و مایەپووچبوونی ڕێژیمی تاران لە سەر ئاستی نێوخۆییدا و بەهەدەردانی سامانی گشتی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران، لەچەند شارێکی وڵات بە نیشانەی نارەزایەتی و بێباکی دەسەڵات لەهەمبەر ژیان و گوزەرانی خەڵك بۆ جارێکی تر بە شوعار و داخوازی تر دەستیان بە دەربڕینی نارەزایەتی کردووە و بە دەنگێکی بەرز داوای ڕوخاندنی ڕێژیمی خۆسەپێنی تارانیان کردەوە.

حکوومەتی خامنەیی بێگومان ئەو هێزەی نەماوە بتوانێ خۆی لەبەرامبەر شەپۆلی ڕاپەڕینی گەلانی وڵاتدا پێ بگیرێ و دەسەڵاتێك لە چەشنی حکوومەتی ئاخوندی جگە لە برسیکردن و دژوارترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك و توندترکردنی ستەمی سیاسی و حوکمڕانی دیکتاتۆرانەی، هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە کە بە قازانجی کۆمەڵگای ئێران بێت و خەڵك هەست بە ئاسایشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان بکەن و بۆ پاراستنی کار بکەن.

وەختی ئەوەی هاتووە دەسەڵاتی تاران بەهۆی ستەمی سیاسی و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی گەلانی ئێران و دارڕوخاندنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، زیاتری لێ توونـد بکرێ و، دەرفەتی هەستانەوەی پێنەدرێتەوە بۆ دژایەتی و بڵاوەپێکردنی نارەزایەتیەکان کە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێرانی گرتۆتەوە.

ڕێژیمی ئێران جگە لە قەیرانی سیاسی و ئابووری و زیاترکردنی فشار بۆ سەر خەڵك و لێدان و گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ شتێکی ئەوتۆی نەکردووە تا گەلانی پێكهێنەری ئێران بە هی خۆیانی بزانن و پارێزگاری لێ بکەن وەك دەیەی شەستی هەتاوی.

گەلانی بندەستی ڕێژیمی ئاخوندی لە بەر نەبوونی نان و ئازادی بۆ جارێکی تر ڕژانەوە سەر شەقامەکان و بە دەنگێکی بەرز و خۆڕاگرانە، وێڕای دروشمی بمرێ خامنەیی و داروودەستەکەی، داوای نان و خۆشگوزەرانی دەکەن و ئازادی سیاسی و نەتەوەییان دەوێ.

حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێران بە هەڵوێستە سیاسی و دوژمنکارییەکانی بە نیسبەت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دژایەتیکردنی ئەمریکا و هاوبەشەکانی، کەوتۆتە دۆخێك کە لەژێر گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان، ڕێژەی هەژاری و بێکاری زۆر زیاد بکات و دەسەڵاتی ناوەندیش بەتەواوی دووچاری بێ هیوای و دەستەوەستانی بووە و بەرنامەی ڕزگاری لەو دۆخەی نییە و تەنیا چاولێکەرە.

تاران بەئاشکرایی تەخشانپەشخان بە قووتی هاووڵاتییانەوە دەکات و بەشێکی بەرچاو لە سامانی گشتی دەدرێتە گروپە تیرۆریستەکانی سەر بە ئێران و بەشێکی دیارتریش دەچێتە سەر حیسابی ئەو بەرپرسە سیاسی و سەبازییانەی ئێران، کە پەسندی خامنەیین و هەرچی ڕێبەر بڵێت، بێ سێ و دوو لێکردن ئەنجامی دەدەن.

# ئێران شامی شەریفە






**شەماڵ تەرغیبی**

## پێشەکی

ڕێکەوتی ٢٦ی دێسامبری ١٩٩١ی زایینی بەرامبەر لەگەڵ ٥ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی و تەنیا ڕۆژێک پاش دەست لەکارکێشانەوەی «میخاییل گۆرباچۆف» سەرکۆماری شۆڕەوی پێشوو، شۆرای باڵای یەکیەتیی سۆڤییەت سەربەخۆیی ١٥ وڵاتی نوێی بە فەرمی ناسی و بەمشێوەیە کۆتایی بە تەمەنی ئەم یەکیەتییە هات و ئاڵای داس و چەکوش لە کۆشکی کرێملین هێنرایە خوار.

زۆر کەس لەو کاتەدا و تەنانەت ئێستەش پێیان وایە هۆکاری ڕووخانی ڕێژیمی سۆڤیەت پرۆسەی «پێرێسترۆیکا و گلاسنۆست» یان « ڕیفۆرمی ئابووری – پێکهاتەیی و کەشی کراوە و ئازادی دەربڕین» بووە کە تەنانەت ئەگەر ئەمەش وەک هۆکاری بناغەیی ببینین ناتوانین هۆکارەکانی دیکەی کاریگەر لەسەر ئەم پرسە نەبینین و بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش بونیان هەبووە کە ڕەنگە بێ‌مشتومڕ هۆکاری ئابووری بە سەرەکیترینیان بزانین بۆیە لەم کورتەوتارەدا هەوڵ دەدرێت بەشێوەیەکی بەراوردکارانە دۆخی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابووریی ئێستەی ئێران لەگەڵ ئەودەمی شۆڕەوی لە سۆنگەی ئابوورییەوە هەڵبسەنگێنین.

## هۆکاری ئابووری:

داتەپین و لاوازیی ئابووری، گەورەترین گرفت و کێشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بوو. یەکیەتیی سۆڤیەت کە سەردەمانێک وەک یەکێک لە دوو زلهێزی سەرەکی جیهان بە ئەژمار دەهات و کۆمەڵێک وڵاتی گەورە و بچووکی لە دەوری ئارمان و ئایدیاکانی خۆی کۆ کردبوویەوە، خاوەنی چەشنێکی تایبەت لە سازماندانی ئابووری بوو کە تا ئەو سەردەمە لە هیچ شوێنێکی تری دنیادا نەبیندرابوو. ئەم سیستەمە کە لە «گۆسپەلان» (دەزگای بەرنامەداڕێژی ناوەندی) بەرنامەی بۆ دادەنرا و تەواوی بڕیارە ئابوورییەکان لەو ناوەندەوە دەردەچوو دیاری دەکرد کە هەر پێداویستییەک بە چ ڕێژەیەک بەرهەم بهێندرێت؛ ئیتر لە پێڵاو و جانتاوە بگرە تا ماشین و خواردن و سەرجەم پێداویستییەکانی ژیان؛ هەروەها دیاری دەکرد کە هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگا دەبێ چەندە لەم کەلوپەلە بەرهەمهاتووانە مەسرەف بکات و هەر تاکێك پێویستیی بە چ ڕێژەیەک لەم کەلوپەلانە هەیە؟ هەر بەو ئاستەش دیاری دەکرا کە نرخی هەر شتێک چەندە بێت و هەر تاکێکیش چەندە مووچە دەبێ وەربگرێ؟ ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو بیرە چەوتە داڕێژرابوو کە «دەوڵەت» لە هەمووان زاناترە و بەم شێوازە سیستمێکی ئابووریی دادپەروەرانە دادەمەزرێ کە بەرهەمە کۆتاییەکەی زۆر لە سەرێ دەبێ و دەبێتە هۆکاری چوونەسەری توانای مانۆڕدانی دەوڵەت لە ئاستی جیهانی.

شۆڕەوی بەم سیستەمە کارییەوە لە چارەکەسەدەی دووهەمی سەدەی بیستەم توانی گەشەیەکی بچووکی هەستپێکراو تاقی بکاتەوە بەڵام بەرەبەرە گەشەی ئابوورییەکەی دای لە کزی و لە دەیەی ٨٠ی زایینی تووشی گەشەی نەرێنی بوو و لە کۆتایی هەمان دەیە لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. ئەوەی ڕوونە یەکیەتیی سۆڤیەت لەڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی گرفتە دامەزراوەییەکانی وەک نەبوونی نیهادی چاودێری، گەندەڵی بەربڵاو، لاوازی لە گرینگیدان بە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، دەسپێڕانەگەیشتن بە تێکنۆلۆژی نوێی دنیا، گرفتە پێکهاتەییەکان و لاوازی لە بەڕێوەبەریی بنکە بەرهەمهێنەرەکان تووشی قەیرانی قوڵی ئابووری بوو. بە واتایەکی تر کەمیی پێداویستییە ڕۆژانەکانی ژیانی خەڵک لەلایەک و دابەشینی نەگونجاوی سەرچاوەکان بەهۆی سیستمی زاڵ و لە هەمان کاتیشدا بوونی گەندەڵیی سیستماتیک لە نێو بەڕێوەبەرە باڵاکانی وڵات بوونە بەستێنخوڵقێنیی تێکڕووخانی کۆی پێکهاتەی سیاسی – ئابووریی سۆڤیەت کە سەردەمانێک بانگەشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد.

ئەوەی لە سۆڤیەتدا ئەزموون کرا بریتی بوو لە کەمیی عرضە (خستنەڕوو) لە بەرامبەر تقاضا (داواکاری) دا؛ زۆرێک لە خەڵکی سۆڤیەت توانای دەسپێڕاگەیشتن بە کەلوپەلە بنەڕەتییەکانی ژیانیان نەبوو؛ خەڵک بۆ دابینکردنی باڵتاو یان پێڵاوی زستانی دەبوو چەندین کاتژمێر و لە هەندێ حاڵەتدا چەندین ڕۆژ لە سەفدا ڕابوەستن، ئەگەر شانسیان هەبوایەت و سایزی ئەو کەسە بۆ فرۆشتن هەبوایەت!؛ بەکورتی خەڵکی سۆڤیەت باسیان لە کڕین نەدەکرد بەڵکوو هەموو باسەکان چڕ ببوویەوە لەسەر ئەوەیکە چۆن بیدۆزنەوە. ئەم دۆخە نەشیاوە لە کاتێکدا بوو کە سۆڤیەت خاوەن کانزای بەپیت و داهاتی لەبار بوو بەڵام پارەی خەڵک تەرخان کرابوو بۆ پەرەدان بە بەرنامەی فەزایی و کەشپێوی و ململانێی چەکوچۆڵ لەگەڵ ئامریکا کە بە شەڕی سارد دەناسرێ. هەر لەمبارەوە «ئۆلیگ ئۆژێرلیف» کە یەکێک لە هاوکارانی نیزیکی گۆرباچۆف بوو دەڵێ: «هۆکاری ڕووخانی شۆرەوی بریتی بوو لە نەبوون و کەمبوونی خۆراک».

لێرەدا بەراوردێکی سەرەپێیی لە نێوان یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو و ئێرانی ئێستەی ژێر حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی دەکەین؛ ڕێکەوتی ٣٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ دامەزراوەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بازرگانییەکان سەر بە وەزارەتی سەنعەت و کانزای ڕێژیم ڕاپۆرتێکی شیکاری بڵاو کردەوە کە تێیدا پێشبینییەکانی خۆی بۆ بەشی ئابووریی ئێران لە ساڵی ١٤٠١ دەکات و دەڵێ: «نێونجی نرخی دۆلار لە ئێران بۆ ٣٠ هەزار تمەن بەرز دەبێتەوە، نرخی هەڵاوسان دەگاتە ٪٤٧.٨ و نرخی خانوبەرەش لانیکەم ٪٢٠ زیاتر لە ئێستە دەبێ».

هەروەها یەکەی زانیارییەکانی ئێکۆنۆمیستیش لە ساڵی ١٤٠٠ ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆخی ئابووریی ئێران لە ساڵ ١٤٠١ بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: «مارپێچی مەزنەهەڵاوسان و نەمانی متمانە بە ڕیاڵ، زیندوونەبوونەوەی بەرجام، خراپتربوونەوەی بارودۆخی ئابووری، شکڵگرتن و پەرەسەندنی نارەزایەتیی خەڵکی و سەرهەڵدانی قەیرانی بانکی بەهۆی سیاسەتی دراوی نابەرپرسانە، بەرجەوەنی ساڵی نویی ئێرانە.»

ئەم پێشبینییانە لە کاتێکدا هێشتا نەگەیشتبوونە نیوەی ساڵ خۆیان دەرخست و وەک دیتمان لە ٢٢ی بانەمەڕەوە یەکجێ و زۆر لەناکاو، بەپێی بەرنامە و پلانێک کە دەوڵەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی دایانڕشتبوو، نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکان لە ئێران چەندقات زیاد بوون و گرانییەکی ڕەها بەرۆکی خەڵکی گرت؛ خەڵک دەستیان کرد بە ئێعتراز و نارەزایەتی دەربڕین و لەگەڵ سەرکوتی بێبەزەییانە بەرەوڕوو بوون. لە هەمان کاتیشدا خەڵکی برسی ناچار بوون پێ لە زۆر باوەڕی ئەخلاقی خۆیان بنێن و هێرشیان کردە سەر کۆمەڵێک مارکێت و فرۆشگەی حکومەتی تا بتوانن لانیکەم بۆ چەند ڕۆژێکیش بووە خۆیان لەم قەیرانی گرانی و برسیەتییە ڕزگار بکەن.

لێرەدا فلەشبەکێک بۆ بەشی یەکەمی وتارەکەمان لێ دەدەین؛ ئەو شوێنەی کە وتمان لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا سۆڤیەت تووشی گەشەی نەرێنی بوو و لە کۆتایی هەمان دەیە لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. ئەم خاڵە لە ئێستەدا بە ڕوونی لە ئێرانیشدا دەبیندرێ واتە ئێران لە ئێستەدا ئەو ئەزموونە، ئەزموون دەکاتەوە و تووشی گەشەی نەرێنی بووە. ئێرانیش هاوشێوەی سۆڤیەت لەڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی گرفتە دامەزراوەییەکانی وەک نەبوونی نیهادی چاودێری، گەندەڵی بەربڵاو، لاوازی لە گرینگیدان بە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، دەسپێڕانەگەیشتن بە تێکنۆلۆژی نوێی دنیا، گرفتە پێکهاتەییەکان و لاوازی لە بەڕێوەبەریی بنکە بەرهەمهێنەرەکان تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری بووە و کەمیی پێداویستییە ڕۆژانەکانی ژیانی خەڵک لەلایەک و دابەشینی نەگونجاوی سەرچاوەکان بەهۆی سیستمی زاڵ و لە هەمان کاتیشدا بوونی گەندەڵیی سیستماتیک لە نیو بەڕێوەبەرە باڵاکانی وڵات بوونەتە بەستێنخوڵقێنیی تێکڕووخانی کۆی پێکهاتەی سیاسی – ئابووریی ئێران کە بەردەوام و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بانگەشەی داکۆکی لە هەژارانی دنیا دەکات.

هاوشێوەی شۆڕەویش کە وەک باس کرا کەوتە نێو گێژاوی شەڕی سارد و داهاتی خەڵکی بۆ سازکردنی چەکوچۆڵی نوێ و گەیشتن بە بۆشایی ئاسمان خەرج دەکرد لە ئێستەشدا کۆماری ئیسلامی سەرباری هەبوونی دەیان و سەدان سەرچاوەی داهات کە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک دابین بکات، سەرقاڵی پەرەدان بە بەرنامەی پڕتێچووی ناوکی و سازکردنی مووشەک و دڕۆن و شەڕفرۆشییە لە ناوچە و جیهاندا.

> **ئێرانیش هاوشێوەی سۆڤیەت لەڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی گرفتە دامەزراوەییەکانی وەک نەبوونی نیهادی چاودێری، گەندەڵی بەربڵاو، لاوازی لە گرینگیدان بە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، دەسپێڕانەگەیشتن بە تێکنۆلۆژی نوێی دنیا، گرفتە پێکهاتەییەکان و لاوازی لە بەڕێوەبەریی بنکە بەرهەمهێنەرەکان تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری بووە و کەمیی پێداویستییە ڕۆژانەکانی ژیانی خەڵک لەلایەک و دابەشینی نەگونجاوی سەرچاوەکان بەهۆی سیستمی زاڵ و لە هەمان کاتیشدا بوونی گەندەڵیی سیستماتیک لە نیو بەڕێوەبەرە باڵاکانی وڵات بوونەتە بەستێنخوڵقێنیی تێکڕووخانی کۆی پێکهاتەی سیاسی – ئابووریی ئێران کە بەردەوام و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا**

## کۆبەند:

بەم هۆکارانەی باس کران و ئەو بەراوردکارییەی کە لە سەرەوە خرایە ڕوو، هیچ بە دوور نابیندرێت کە داهاتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئاخوندی هەمان سیناریۆ بێت کە شۆڕەوی پێشووی گرفتار کرد؛ کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئیدئۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی؛ کەواتە سووشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە!

## دیار زاگرۆس

# کردەوەی فاڵش!



**پژمان شەریعەتی**

هەر نەتەوەیەك بەپێی کولتور، مێژوو، جوغرافیا و سروشت و ....، موسیقا و ئامێری تایبەت بە خۆی هەیە و لە زەینی تاکەکانی ئەو نەتەوەیەدا دەنگەکان مانای تایبەتی خۆیان وێنا دەکەن؛ بە شێوەیەک کە هەرچەند کەمیش لە مووسیقا بزانیت و تەنیا گوێگرێک بی بە باشی دەزانی کە ئەو موزیکە تایبەت بە چ وڵات و نەتەوەیەکە.

لەلایەکی دیکەشەوە، مووسیقا زمانێکی تایبەتی هەیە کە هەموو نەتەوەکان لە جیهان وەکوو نۆت پەیڕەوی لێ دەکەن و زۆربەی یاساکان لە مووسیقی گشتگیرە و فورموڵی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەگەر ژەنیارێکی فەرانسەوی بێت و نۆت و یاساکان لەبەر چاو بگرێ دەتوانی ئامێریکی مووسیقایی ژاپۆنی بەکار ببات و موزیکێکی ئەو وڵاتە لە سازەکەت بەرهەم بهێنێ.

هەروەها بۆ هونەر واتای جیاواز هەیە و پێناسەی هونەر لە دونیای ئەمڕۆدا ئەستەمە و زەینی خوڵقێنەری مرۆڤ وای کردووە کە باسکردن لەسەر هونەر ئاسان نەبێت، بەڵام بە گشتی دەتوانین ئەو هەستە لە جوانیناسی و ڕوانینی مرۆڤ و خوڵقاندنی لەو پێناوەدا بۆ گەیاندنی هەست و واتایەکی تایبەت بە ڕەنگ و بۆنی جیاواز وەکوو تاریفی هونەر بهێنین، لەم نێوانەیشدا ئەو کەسەی کە خوڵقینەرە وەکوو هونەرمەند دەناسرێت.

مووسیقاش بەشێکی دێرین لە هونەر و مێژووی مرۆڤایەتییە و هەروەک ئاماژەمان پێکرد هەر نەتەوەیەک مووسیقای تایبەت بە خۆی هەیە و جیهانبینی و جوانیناسی ئەو نەتەوە نیشان دەدات و هەڵگری پەیامە. لەو نێوانەدا ئێمەی کورد خاونی مووسیقای تایبەت بە خۆمانین کە خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین یەکێک لە دەوڵەمەندترین مووسیقاکانی ناوچەکەیە و زۆر هونەرمەندی گەورەمان هەیە کە جیهانیی و ناسراون.

هەروەها ئامێرەکانی مووسیقای کوردی ڕیشەیان لە دیرۆکی کوردستاندایە و خوڵقێندراوی ئەم ئاو و خاکەن؛ بۆ نموونە مێژووی تەمووورە و کەمانچە و سازەکانی دیکەی کوردەواری هەڵدەگەڕێتە بۆ زیاتر لە دە هەزار ساڵ لەمەوپێش.

هەرچەند باسی دەوڵەمەندی و مێژوو و کەسایەتییە هونەرییەکانی کوردستان بکەین کەمە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە زەینی تاک کە بۆچی بەو بناغە قورس و قایمە لە مووسیقا، لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک کەس لە ژێرناوی هونەر خەسار بە مێژووی کوردستان و هەستی کوردانەی کوردستانیان دەگەیەنن؟

بە تایبەتی ئەم دیاردەیە زۆرتر لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و تایبەتیتر لە کرماشان دێتە بەرچاو.

بۆ نموونە دەبینین بە میکسی چەند مێلۆدی دزراو و ئێدیتی دەنگ، بەرهەمێک دێتە نێو کۆمەڵگای کوردەواری کە لە بواری مووسیقایی و هونەر قەت جێگر نابێت کە لەڕاستیدا کۆمەڵێک دەنگی بێ پەیام و بێ واتان و نێوەرۆکی ئەو بەرهەمانەش پڕە لە هێرش بۆ سەر فەرهەنگی کوردستان و پەرەدانە بە فەرهەنگی دواکەوتوویی.

بۆ نموونە دەبینین لە تێکستی ئەو موزیک ڤیدیوانە، باس لە شەڕ، زیندان، سەرکۆڵانگرتن، قلیان، قەمە و قەیارە و خوێنڕشتن و کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکە کە مرۆڤ شەرم دەکات ناویشیان ببات، دێتە ئاراوە.

بۆ خەسارناسی ئەم دیاردەیە لەم کورتەدەرفەتەدا دەتوانین لە بواری کولتورییەوە باسیان لێ بکەین:

لە کوردستان بە گشتی و لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، کولتوری پاڵەوانییەتی و قارمانی و ڕزگاریدەربوون بەشێکی سەرەکی لە فەرهەنگی کوردستانە کە تەنانەت تایبەت بە ڕەگەزی پیاوان نییە و زۆر ژنی قارەمانمان هەیە کە خزمەتیان بە کورد و کوردستان کردووە، لەم نێوانەدا داگیرکەرانی کوردستان بۆ نەهێشتنی ئەو فەرهەنگە، بە بەردەوامی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە ملهۆڕی و زوڵمکردن و زۆرگیری بکەنە جێگرەوەی ئەو پاڵەوانیەتییە.

لە لایەکی دیکەشەوە داگیرکەران کە هەمیشە لە هەوڵدا بوونە کە خەسار بگەیەننە هەموو تایبەتمەندییەکانی کورد و بیاندزن و بیسڕنەوە، مووسیقای کوردیش لە ئەماندا نەبووە و بۆ ئەوەیکە ئەو بناغە قورس و قایمە برووخێنن و مووسیقای کوردی ڕەش بکەنەوە، ئەم ستایلەیان فەراوان کردووە و پاڵپشتیان دەکەن.

هەروەها تێکست و ئەدەبیاتەکەیشیان لە ڕاستای ئاسیمیلاسیۆن و خەسارگەیاندنە بە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی کوردستان.

بە گشتی یەک فرێم و یەک دەنگ لەو بەرهەمانە بێ ئامانج نین و داگیرکەر بە پەرەپێدانیان هەوڵی ڕووخاندنی کۆمەڵگای کوردەواری دەدات و ئەو تاکانەی کە من وەکوو ڕووخێنەری کۆمەڵگای کوردی ناویان دەبەم، ئاگایانە یان نائاگایانە دەکەونە خزمەت دوژمنەوە.

لە کۆتاییشدا ئەوە بڵێین کە گوێگرتن بەو بەهرەمە دژە فەرهەنگییانە و بڵاوکردنەوەیان یارمەتیدەری زەرەرگەیاندن بە کۆمەڵگایە.

# دەرگای داخراوی سیاسەت و ئاکامەکانی




**چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و فەلسەفە سیاسییەکان، هەر لەکۆنەوە تا بە ئیمرۆ، زەینی بیرمەندانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. ئەگەر بۆ فەلسەفەی سیاسی بەمانای دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی، دادپەروەری، خاوەندارێتی، ماف، یاسا و شێوەی بەڕێوەبردنەکەی بگەڕێینەوە، بەناچار دەبێ تێهەڵکێشێکمان بۆ یونانی کەونارا هەبێت و سەر بەسەر بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستوودا شۆڕ بکەینەوە**

**سندووس**

چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و فەلسەفە سیاسییەکان، هەر لەکۆنەوە تا بە ئیمرۆ، زەینی بیرمەندانی بەخۆیەوە خەریک کردووە.

ئەگەر بۆ فەلسەفەی سیاسی بەمانای دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی، دادپەروەری، خاوەندارێتی، ماف، یاسا و شێوەی بەڕێوەبردنەکەی بگەڕێینەوە، بەناچار دەبێ تێهەڵکێشێکمان بۆ یونانی کەونارا هەبێت و سەر بەسەر بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستوودا شۆڕ بکەینەوە.

وەک چۆن بیرمەندانی وەک هانا ئارێنت، جۆرجۆ ئاگامبێن، میشیل فۆکۆ و تەنانەت گەورەترین فلیسووفانی دیاردەناسی وەک هایدگێریش بۆی گەڕاونەتەوە، ئەمە ڕاستییەکەی حاشاهەڵنەگرە کە فەلسەفەی سیاسی بە گشت ڕەهەندەکانییەوە، هەر لەسەر دەستی ئەوان ڕسکاوە و دواجار لەلایەن حاکم و کاربەڕێوەبەرانی وڵاتانەوە بەکرداریی کراوە.

ئەفلاتوون وێڕای ئەوەیکە ئەرکی هەر تاکێک لە ڕووبەری دەسەڵاتە سیاسییەکەیدا دیاری دەکات، لای وایە کە سیاسەتڤان کەسێکە کە ماکە پێکهێنەرەکانی وجوودیی وەک ئاڵتوون بایەخدارە و تەنیا بۆ کاروباری سیاسی ساز و ئەرکدار کراوە و «ئاڕمانشار»یش، هەر لە سەر دەستی مرۆڤە ئاڵتوونییەکان درووست دەکرێت. هەرچەند ئەم ئاڕمانشارە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بوو بە بەڵای گیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و وەک پێکهاتەیەکی سیاسی لە بیری چەپی ڕادیکاڵدا خۆی بینییەوە و بەدەسەڵات گەیشت، زیاترین ماڵوێرانی بەبار هێنا و هیچکام لە چەمکەکانی فەلسەفەی سیاسیش، لای لێ نەکراوە و باسکردنەکەشی ببووە بڤە! دیارە «ئێگۆڕا»ش، وەک دەسکەوتێکی گەورەی دێموکراسی دەرگاکەی بەتەواوی داخرا.

بە هەموو پێوەرەکان، ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا جیهانی بە شێوەی فەرمی دابەش کرد بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا، بەرە ڕۆژهەڵاتییەکە بە توندی لە ژێر بیر و ئەندێشەی ئەفلاتووندا بوو! بە بێ ئەوەیکە ناوی بێنن؛ بەڵام کارڵ پووپێر ئەمە جوان شی دەکاتەوە.

لە کۆی جیهانی سیاسەتدا و لەسەر گۆی زەوی، ئەفلاتوون زیاترین کارتێکەری هەبووە و بە هێنانە گۆڕی «فەرزانە»کان، ڕێڕەوی سەرەکی بۆ سیستمە دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەرەکان، ئەوانەی لە سیاسەتدا بە سیستمگەلی «ئەستونی» ناسراون، خۆش دەکات و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو تاقیکردنەوە و تێچوویەکی زۆری ئینسانی و ماڵی، هەتڵە دەکات.

لەم نێوەدا توانیبووی شێوەی ئەرەستوویی، تا کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست لە ئورووپا لە پەراوێز بخات و ئەوەی کە بە شێوەی دەسەڵات و کاربەڕێوەبەری «ئاسۆ»یی ناسراوە، نەیتوانی لەسەر ئەمری واقیع خۆی بە کرداریی بکات. تا لە کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست، «میشیل فۆکۆ» وتەنی: «ئارام ئارام و بەهۆی زیادبوونی حەشیمەت، پێویستی بە زانینی زانستی ئامار و پێکهێنانی کۆمەڵی بچووک بچووکی وەک پزیشکان، ئەندازیاران و ... هتد هەستی پێکراو و شێوەی «ئاسۆ»یی دەسەڵات بە گشت جومگەکانییەوە بوو بە جێگرەوەی شێوەی ئەفلاتوونی یا ئەستۆنییەکە».

هەرچەند نکۆڵی لێناکرێت کە ئێستاش زۆرن ئەو دیکتاتۆرانەی لایان وایە بۆ سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا داتاشراون و ئەرکی کۆمەڵانی خەڵکە، چاوبەستراو بە شوێنیاندا بڕۆن.

یەکێک لەو سیستمانەی خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات و تەنانەت بە شیاوی دەسەڵاتیشی نازانێ و تەنیا خۆیان پێئەرکدارە کە ڕێگەی ژیانێکی بەختەوەرانە پیشانی کۆمەڵانی خەڵک بدەن، سیستمی توتالیتێری ئاخوندییە. (دوایە دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە)

دیارە ئەرەستوو وەک قوتابی ئەفلاتوون، ڕێگەی مامۆستاکەی لە سیاسەت و زۆر بابەتیتردا نەگرتەبەر و بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی لە کتێبی «سیاسەت»دا گەڵاڵە کردووە.

ئەرەستوو کە ساڵی ٣٨٤ بۆ ٣٢٢ی بەر لە زایین ژیاوە، لای وایە سێ توێژ لە کۆمەڵگادا بۆ کاری سیاسی نابێ ئەرکدار بکرێن، لە ئەگەری ڕەخسانی هەل و دەرفەتی لەبار بۆ ئەم سێ توێژە و گەیشتنیان بە کورسی دەسەڵات، سیاسەت هەتڵە و کۆمەڵگاش بەرەو بەستەڵەک و مەیین و چەقبەستوویی دەڕوات.

ئەم سێ تاقمە بریتین لە:

### ١- ساماندارەکان

ئەرەستوو لای وایە چوونکە ئەم تاقمە لەگەڵ کێشە و ژان و ئازارەکانی هەژاران بێگانەن، کاتێ بە دەسەڵات گەیشتن دەکەونە شوێن کەڵەکەکردنی سامان و چێژوەرگرتنی خۆیان؛ کەوابوو شیاوی ئەم ئەرکە نیین.

### ٢- هەژاران

هەژاران چوونکە کەموکوڕییەکی زۆریان لە ژیاندا کێشاوە و ئازاریان چێشتووە، کاتێ بە دەسەڵات دەگەن، نەستخوازانە بە شوێن تێهەڵێنانەوەی کەموکوڕییەکانەوە دەبن و دەبنە دیکتاتۆرگەلێکی ترسناک و بە گرانترین نرخ دەسەڵاتەکەیان دەپارێزن.

### ٣- زانایان و پیاوانی خودا ( بە زمانی ئیمرۆ ئاخوندەکان)

بەسەرنجدان بەم ڕاستییەی کە ئەم توێژە کە خۆیان پێ زانا و سەرووتر لە کۆمەڵانی خەڵکە و لایان وایە کە نوێنەری خودان، بە هیچ شێوەیەک ڕەخنە قەبووڵ ناکەن.

کەوابوو لەگەڵ هەرجۆرە جووڵەیەک کە هاوتەریبی شێوە بیرکردنەوەی ئەوان نەبێت و بۆنی نوێخوازی لێ بێت، دژایەتی دەکەن و ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەبەستن.

چارەڕەشی کۆمەڵگا کاتێک دەست پێدەکات کە زانایانی ئایینی کە لە چینی هەژاری کۆمەڵگاشن، دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، دیارە ئەمانە هەم گرێکوێرەکانی هەژارییان هەیە و هەم چەمکی ڕەخنە، لە چوارچێوەی بیریاندا مانا پەیدا ناکات.

لە وەها بارودۆخێکدا جۆرێک دیکتاتۆری سەرهەڵ دەدات کە هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگا بەرەو وشکان و فەوتان دەبەن.

ئەم ڕاستییەی ئەرەستوو ئاماژەی پێدەکات، لە ئێرانی ئاخوندلێدراودا بە جوانی دەبیندرێت.

کۆمەڵێک گەمژە کە لەگەڵ سەرەتاییترین بابەت و دیاردەگەلی زانستی نامۆن و نە شارەزای شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگان و نە شتێکی لێ دەزانن و نە چەمکەکانی سازێنەری دەناسن، ئەوە ٤٣ ساڵە وڵاتێکی ساماندراری وەک ئێران بە گشت نەتەوەکانییەوە وەک پاپۆڕێک بە لێوارە بەردینییەکاندا دەکوتن و کارەسات لە دوای کارەساتی بەسەر دێنن، تەنانەت ئیزنی بچووکترین ڕەخنەش بە هیچ تاکێکی کۆمەڵگا نادەن و چۆنیان پێباش بێت ئاوا ئەسپی خۆیان لینگ دەدەن!

ئەوانە نارسیست، سادیست - مازۆخیستگەلێکن کە ئەگەر لە وڵاتێکی یاسامەندا ژیابان، بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی دەروونی لە تیمارستان یان نەخۆشخانەی دەروونیدا دەیانخەواندن و بوون و ژیانی ئاساییان لە کۆمەڵگادا دەیان و بگرە سەدان نەخۆشی دەروونی - کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

ئەوانە تاقمێک نەخۆشن کە لە سەرئێشە بەدەر هیچ شتێکیان بۆ کۆمەڵگا پێ نییە. هەژاری لەڕادەبەدەر، لەباربردنی ڕەوشتی تاک و کۆ، تێکدانی ژینگە، شەڕانگێزی، بەرەڵڵایی ڕەفتاری، دزی و گەندڵی، بەبارمتەگرتنی کۆمەڵگایەکی ٨٥ میلیۆنی بەشێک لە کردەوەکانیانە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی خۆیان سەپاندووە لەخۆیان نیشان داوە.

ئەوەیە ئەرەستوو، نیزیکبوونەی ئەم تاقمە گەمژەیە لە دەسەڵاتی پێ کارەساتە و لای وایە نابێ بە هیچ شێوەیەک لە دەسەڵات نیزیک ببنەوە.

**ژێدەر:**

**ارسطو، سیاست، ترجمەی دکتر حمید عنایت، چاپ اول ١٣٤٩، انتشارات فرانکلین، ص ١٢٦ و ١٢٧.**

# دەنگە برسییەکان دژی کۆشکی وەلی فەقیهن



**یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێر داگیرکردنی زەینی خەڵکە و ئیزن نەدان بە بیرکردنەوە، جێخستنی درۆیەک لە جیاتی ڕاستی و کەتوار لە زەینی ئەواندایە. ئەوان گشت بەها و ئەرزشە مرۆیی و جیهانییەکان بە قازانجی خۆیان پێناسە دەکەن و تیرباران و سێدارە و زیندان دەکەنە بەشێک لە ڕەوایی شەرعیەتی خۆیان. هەر بۆیەش یەکەمین هەنگاوی بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ ئەم ڕێژیمە گۆڕینی زەینی تاکەکانە کە واقعیەتی کۆمەڵگا وا نیشانی دەدا کە خەڵک ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووە و نەوەی نوێ ئیدی ئەسیری پڕوپاگەندە و گوتاری تۆقێنەر و سەرکوتکەری ڕێژیم نییە و خۆی لەو کۆتوبەندە ڕزگار کردووە**

**کەیهان یووسفی**

دووقاتبوونی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەکوو مریشک و هێلکە و ڕۆن لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە، دیسانەوە هۆکارێک بوو کە خەڵک لە بازنەیەکی زۆر بەربڵاو لە ئاستی ئێراندا بێنە سەرشەقام و تووڕەیی و بێزاری خۆیان لە دیکتاتۆرییەت و پێکهاتەی ڕێژیم دەرببڕن. زۆر کەس بە شۆڕشی برسییەکان پێناسەی دەکەن، شۆڕشی برسییەکان ئەو زەینییەتە دەدا بە بەردەنگ کە ئەم شۆڕشە تەنیا خواستێکی ئابووری یان سینفی پەیڕەو دەکات، بەڵام ئایا ناوئاخنی ئامانج و دروشمی خۆپیشاندەران تەنیا خواستێکی ئابوورییە؟

لەڕاستیدا دروشمەکان ئیدی پێناسەیەکی سینفی یان خواستێکی ڕەهای ئابوورییان نییە، خەڵک لە بنەچەی کێشەکە واتە پێکهاتەی ڕێژیم و دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە تێگەیشتوون. جلە گەورە درۆینەکەی تۆتالیتاریزمی ڕێژیم ئیدی بە تەواوەتی داڕزاوە و هیچ پینەیەک ناتوانێت دیسانەوە جەستەی زەین و بیرکردنەوەی خەڵکی پێ داپۆشێ، خەڵک نە دوژمنی دەرەکی بە هۆکار دەزانن و نە دەستوپێوەندی ئەم دوژمنە لە ناوخۆ کە دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم زیاتر لە ٤ دەیەیە بە گوێی خەڵکدا دەیچرپێنێ.

کابینەی ڕەئیسی سەرەڕای ئەوەی پشتیوانی تەواوەتی پێکهاتەکانی ڕێژیمی لەگەڵە و هیچ بەربەستێکی نێوخۆیی لە بەردەمیدا نییە، سەرەڕای تەواوی ئیدیعا و بەڵێنەکانی نەک تەنیا نەیتوانیوە نرخی ئاوسان کونترۆڵ بکات و گرانی کەم بکاتەوە، بەڵکوو دۆخی ئابووری و بژێوی خەڵکی زۆر نالەبارتریش کردووە.

هۆکاری سەرەکی گرانی و نرخی بەرزی ئاوسان بەرەنجامی هەبوونی مافیای ئابووری سەر بە دەسەڵات، گەمارۆکانی ئامریکا لە سەر ئابووریی ئێران و بەرتەسککردنەوەی دەستڕاگەیشتنی ڕێژیم بە بازاڕە ماڵییە نێونەتەوەییەکانە، وەک بەرهەمی هەڵسوکەوتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ڕێژیم، هۆکارێک کە بەرپرسانی ڕێژیم بۆ نیشاندانی ڕوومەتی درۆینەی بەهێزیی خۆیان حاشای لێ دەکەن و خەڵکی مامناوەند و هەژاری کۆمەڵگە باجەکەی دەدەن.

چوونە سەرەوەی نرخی نەوت بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینەوە ئەو زەینییەتەی بە باڵی توندڕەوی ڕێژیم داوە کە ئیدی دۆسیەی بەرجام و ئابلۆقە ئابوورییە نێونەتەوەییەکان، گرنگییەکی ئەوتۆی نەماوە و دیسان ئەوانی ملهۆڕتر کردووە کە دەتوانن بێبەزەییانە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک سەرکوت بکەن.

بێگومان توندوتیژی و سەرکوت بەشێک لە شوناسی تۆتالیتاریزمی ئایینی ڕێژیمی ئێرانە و لای هەموو بەرپرسان، شوێنکەوتووان و گوێڕایەڵانی ئەم ڕێژیمە، توندوتیژی حکوومەتی شەرعیەتی هەیە و پشتیوانی لێ دەکەن، واتە لای ئەوان ڕێژیم و دەسەڵاتە، کە خاوەنی پیرۆزی و بەهان نەک خەڵک و داخوازی خەڵک.

لێدوان و هەڵسوکەوتی بەرپرسە دیارەکانی ڕێژیم باس لە پارادۆکسی تێڕوانینان بە نیسبەت ئەم ڕووداوانە دەکات و ئەم شپرزەییە وێژمانییە، گوتاری یەکگرتووی ڕێژیمی بە پێکۆڵ کێشاوە.

بەشێکیان باس لە پیلانی دوژمن دەکەن و لە لایەکی دیکەوە بەشێکی دیکەیان مافیا و دزانی حکوومەتی بە هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە نالەبارە ئابوورییە دەزانن و تەنانەت بەرنوێژی هەینی شاری مەشهەد، عەلەمولهۆدا، کە گوێ لە مستی تەواو عەیاری خامنەییە چەند ڕۆژی پێشوو لە نوێژی هەینی لەم شارەدا دەڵێت:" هۆکاری ئەم گرانییانە بەشێک لەم ڕەوتە مافیایانەن کە لە نێو پێکهاتەی دەوڵەت و حکوومەتدان و دەبێت بناسرێن».

(ماڵپەڕی قودس ئۆنلاین)

ڕێژیم هەنووکە بەری لە ڕەوایی نێوخۆییە، پێگە نەریتییەکانی ڕێژیم لە شارە ئایینی و ناوەندییەکانی ئێران هەنووکە مەکۆی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانن، ڕێژیم ئیدی بەڵگەی تۆمەت لێدان بەوان بە بیانووی جیاییخوازیی و سەر بە بێگانەی لێ سووتاوە.

خەڵک بوێرتر لە جاران و هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی بەسیج و سپا وەکوو باڵی سەرکوتکەری ڕێژیم ئۆتۆریتەی درۆینی ڕێژیم لای خەڵک شکاوە و ئیدی ئەو سیما نەبەزەی کە لە خۆی پیشانی خەڵکی دەدا کەمڕەنگ بووەتەوە، شەرعیەتی ڕێژیم هەنووکە تەنیا توندوتیژی و سەرکوتە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێر داگیرکردنی زەینی خەڵکە و ئیزن نەدان بە بیرکردنەوە، جێخستنی درۆیەک لە جیاتی ڕاستی و کەتوار لە زەینی ئەواندایە.

ئەوان گشت بەها و ئەرزشە مرۆیی و جیهانییەکان بە قازانجی خۆیان پێناسە دەکەن و تیرباران و سێدارە و زیندان دەکەنە بەشێک لە ڕەوایی شەرعیەتی خۆیان.

هەر بۆیەش یەکەمین هەنگاوی بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ ئەم ڕێژیمە گۆڕینی زەینی تاکەکانە کە واقعیەتی کۆمەڵگا وا نیشانی دەدا کە خەڵک ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووە و نەوەی نوێ ئیدی ئەسیری پڕوپاگەندە و گوتاری تۆقێنەر و سەرکوتکەری ڕێژیم نییە و خۆی لەو کۆتوبەندە ڕزگار کردووە.

گومانکردن لە واقعیەتی درۆینەی دەسەڵاتی تۆتالیتێر، هەبوونی ئامانجی هاوبەش و هیوا بە داهاتوویەکی نوێ سێ کۆڵەکەی سەرەکی لاوازکردنی ئۆتۆریتەی تۆتالیتێریزمن و ئەوەی کەم و زیاد لە سەر شەقامەکانی ئێران و لە نێو شەپۆلی خۆپیشاندەراندا دەبیندرێ.

ڕەنگە ڕێژیم وەکوو چەند جاری پێشوو لە ساڵانی ڕابردوودا بتوانێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ئەم خۆپیشاندانانە بێدەنگ بکات بەڵام ئەوەی ڕاستییە خەڵووزی گۆڕانکاری لە ئێراندا ئیدی ناکوژێتەوە و بە هەر سروەیەک دیسانەوە بڵێسەی گڕی بەرز دەبێتەوە.

## وێستگە

# ژنانی مامۆستا و وانەیەکی نوێ!




**نووسین: هێمۆ**

لە ساڵی ڕابردووەوە تاکوو ئێستا مامۆستایان لە شارە جیاوازەکانی ئێران و کوردستان بەنیسبەت داواکارییە سێنفییەکانی خۆیان بە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبردووە و بەشێوەیەکی زۆر هێمنانە و لۆژیکی داوای مافەکانی خۆیان کردووە؛ بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە هەڵسوکەوتی نەشیاوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەم ڕێژیمە بەنیسبەت ئەم داخوازییە ڕەوایانەی مامۆستایانە!

ڕۆشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بەگشتی لەگەڵ هەموو چەشنە کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لە چوارچێوەی جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی خۆیدا کە لەگەڵ ئیدئۆلۆژی و بیری چەقبەستووی خۆی یەک نەگرێتەوە دژایەتیی هەیە و بێگومان هەموو چەشنە هەوڵێکیش بۆ سەرکوتی ئەم بزووتنەوانە دەدات، بەڵام ئەوەی کە بە نیسبەت مامۆستایان دەیکات بابەتێکی سەرنجڕاکێشە.

پێگەی مامۆستایان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ باقی چین و توێژەکان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر نەسڵە جیاوازەکان و پەروەردەکردنیان هەیە؛ بێگومان کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوڵی داوە کە هەر لە ڕێگەی ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە بە داڕشتنی چوارچێوەیەکی باوی دڵی خۆی مامۆستایان بخاتە ژێر ڕکێفی بیری چەقبەستووی خۆیەوە و لە ڕێگەی ئەوانەوە نەسڵ لە دوای نەسڵ، خەڵکێکی گوێ‌لەمست و بەتاڵ لە بیری ڕزگاریخوازی پەروەردە بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێستا دەبینێ کە هەموو هەوڵەکانی بووەتە بڵقی سەر ئاو و چاوەڕوانی هەر چەشنە جووڵەیەکی ڕادیکاڵیش لەم چینە لەخۆبووردووەی کۆمەڵگایە، هەر بۆیە سەرکوتکارییەکانیشی بەشێوەیەکی بەربڵاو و ڕادیکاڵ درێژە پێ دەدات تاکوو پێشیان پێ بگرێت.

لەو ڕووەوە کە ژنانیش بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایان پێکدێنن، بۆیە باسکردن لە ڕۆڵ و گرینگیی بەشداریکردنیان لەم ناڕەزایەتیدەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوانەدا جێگای بایەخ و گرینگیی خۆی هەیە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانێکی یەکجار گەورە درووست بووە، ئەگەر پێشتر ژنان و بەتایبەتیش مامۆستایانی ژن بە کەمترین مووچە ئامادە دەبوون وانە بڵێنەوە و ڕەنگە زۆرجاریش لە لایەن سیستەمەوە تووشی چەوسانەوە دەبوون و دەنگیشیان نەدەکرد، ئەوە ئێستا هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا بەگشتی هاتوونەتە ئاراوە، ئەوانیش خۆیان بە بەشێکی حاشاهەڵنەگر و هەڵبەت کاریگەر لەم ڕەوتەدا دەبینن.

دیارە کە مامۆستایان هەر لە سەرەتاشەوە بە هێمنی داوای مافەکانی خۆیان کرد چونکە لەڕاستیدا ئەوان چینی فەرهەنگیی کۆمەڵگان و هەر ئەم ئاکارەشیان لێ چاوەڕوان دەکرا کە بە هێمنی داوای مافەکانیان بکەن، بەڵام ئەوە ڕێژیم بوو کە پرسێکی سێنفی و داواکارییەکی سێنفیی بردە قاڵبی پرسێکی ئەمنیەتییەوە و بە دەسبەسەرکردنی مامۆستایان هەوڵی دا، ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان تووشی شکست بکات، بەڵام هاوهەنگاوبوونی مامۆستایان لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان وای کرد کە دیسانەوە نەتوانێ بە ئامانجە گڵاوەکەی خۆی بگات.

بێگومان لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کۆمەڵگادا کە هەموو جومگەکانی گرتووەتەوە، ژنانیش ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە و بێگومان لەم پێناوەشدا هەم نرخیان داوە و هەم بوونەتە قوربانی، بەڵام پرسی گرینگ، پرسی مافخوازییە جا ژنانیش لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بووبێتن هەوڵیان داوە بە پێچەوانەی هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم و سەرجەم هەوڵەکانی بۆ پەروایێزخستنیان، لە مەیدانی کردەوەدا ئامادە بن و چالاکی بنوێنن.

ئێستاش کە پرسی ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان هاتووەتە ئاراوە، مامۆستایانی ژنیش نەک شانبەشانی پیاوان بەڵکوو وەکوو لیدەر و پێشەنگی ئەم ناڕەزایەتییانە لە سەفی پێشەوەی ناڕەزایەتییەکانن و داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن.

ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە ماوەکانی ڕابردوودا بڵاوبوونەوە هەموویان دەرخەری ئەوەن کە ژنان لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی و لە ژێر سێبەری پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ئەم دەسەڵاتە چەقبەستووەدا، نەتوانەتەوە و توانیویانە ڕاوبۆچوونی ئازادانە و مرۆڤانەیان هەبێت و بەگژ سیستەم و دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامیشدا بچنەوە کە هەر ئەم هەبوونە فیزیکییە و ئەویش بەم بەربڵاوییە خۆی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

ڕەنگە ژنانیش لە درێژەی ناڕەزایەتییەکاندا دەسبەسەر کرابێتن یان بێڕێزیشیان پێ کرابێت بەڵام هاتنە مەیدان و بە بوونیان هێڵێکی بەتاڵبوونیان بە سەر هەموو هزرە کۆنەپەرەستانەکانی ڕێژیمدا کێشا.

وێنە و ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان، دەرخەری ڕاستییەکی ڕوون و جێگای دڵخۆشین، ئەویش ئەوەیە کە ژنان ناترسێن، نە لە زیندان و دەسبەسەرکران، نە لە بەرزکردنەوەی هاواری هەقبێژی و مافخوازی، ژنانی مامۆستا ئازایانە هاتوونەتە نێو گۆڕەپانێکی پڕ لە مەترسییەوە بەڵام وشیارن بەوەی کە ڕێگاکە ڕاستە و بێگومان ئەبێ بە باشترین ئاقاردا بچێت.

هاتنە مەیدانی ژنانی مامۆستا جێگای دڵخۆشییە چونکە کۆمەڵگا دڵنیا دەکەنەوە کە دەتوانن نەسڵێکی چاوکراوە و وریا پەروەردە بکەن و «مافویستی» بکەن بە سەرمەشقی ژیان بۆیان، کەوایە بە هەبوونیان لە مەیدانی کردەوەدا گەرەنتیی هەبوونی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و نەوەیەکی وشیارمان پێ دەدەن و وانەی ئازایەتیی و خۆنەویستیی دەڵێنەوە، هەر بۆیە پێویستە ژنانی باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش پاڵپشت و هاوهەنگاو بن لەگەڵیان تاکوو بەختەوەرییەکی یەکجاری مسۆگەر بکرێ.

# مێشکی نەخۆش و لێکدانەوەی پێچەوانە



**بیرەوەر**

ئولێریش بێک ( ١٩٤٤ - ٢٠١٥)، کۆمەڵناسی ئاڵمانی لە کتێبی «کۆمەڵگای ترس»دا دەڵێ: «لە کۆمەڵگای مۆدێڕندا بەپێچەوانەی کۆمەڵگای نەریتی نیگەرانیی تاک لە بەڵا سروشتییەکانی وەک لافاو، هەورەتریشقە، سوونامی، پاندێمیگەلی وەبا و سووریژەوە داگەڕاوە بۆ لای ئەو بەڵایانەی کە هەڵقووڵاوی تێکۆشان و چالاکی مرۆڤن.»

بە باوەڕی «بێک»، ترس و دڵەڕاوکێی مرۆڤی مۆدێڕن، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڕەشە و خەسارانەی کە خۆی سازی کردوون بەڵام لە ژێرچاوەدێری ئەودا نەماون. قەیرانی ژینگە، گەرمبوون و توانەوەی بەستەڵەکەکانی سەروو و خوارووی گۆی زەوی، پیسی کەشوهەوا، شەڕ و تەقینەوە ناوکییەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی؛ ئەوانە نموونەگەلێکن لەو مەترسییانەی بەرۆکی مرۆڤی لە سەردەمی مۆدێڕنیتەی دووهەمدا گرتووەتەوە. بە باوەڕی ناوبراو ئەو هەڕەشانە کە هەڵقووڵاوی شێوەی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆیە، تەنیا چین و توێژێکی تایبەتی ناگرێتەوە، بەڵکوو ژیانی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی بەڕادەیەک تێوەگلاندووە کە لێی بووەتە دەڵەڕاوکێ و ترسێکی قووڵ.

کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی ئاخوندیدا و بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەهۆی قەیرانە یەک لەدوای یەکە سیاسی، ئابووری، ژینگەییەکان و هەڕەشەی بەردەوامی نیزامی، داتەپینی ئابووری و دابەزینی بواری ژیان، گەمارۆی هەمەلایەنە، ئاریشە کلتوورییەکان و ... بووەتە کۆمەڵگایەکی تایبەت لە جیهاندا. ئەم کێشانە بە ڕادەیەک قووڵ بوونەتەوە کە «بێک»وتەنی ژیانیان لەم وڵاتەدا بە تەواوی دژوار و ترس و دڵەڕاوکێیەکی لەڕادەبەدەریان بۆ شارۆمەندان هێناوەتە ئاراوە و ژیانی لێ کردوون بە جەهەننەم!

شارۆمەند، لەم وڵاتەدا هەموو ڕۆژێ ترسی هەڵایسانی شەڕی هەیە، هەر چرکەسات و هەر ڕۆژ نیگەرانی گرانبوونی کەلوپەلە سەرەتاییەکانی ژیانیەتی. لێرە ترسی گرانبوونی دۆلار کە ڕاستەوخۆ کارتێکەری لە سەر ژیانی خەڵک هەیە بووەتە ترسێکی قووڵ.

تێچووی ژیان بۆچی ئاوا دژوار بووە و بۆچی بزەی شادی لە ژیان و لە سەر لێوی کۆمەڵانی خەڵک ماڵاوایی کردووە؟ پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە سەرچاوەی ئەو هەموو کێشانە چین و کێن؟ بۆچی وڵاتی ئێران لە دونیادا بووەتە دوورگەیەکی ئاوارتە، لە پەراوێزخراو و نامۆ لەگەڵ هەرجۆرە ژیانێکی ئەمڕۆیی و نۆڕماڵە؟ کێن ئەم کەسانەی ئاوا چەتری چارەڕەشییان لە سەر تاک بە تاکی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایەدا هەڵداوە و ناهێڵن خۆری ئازادی بە ڕووی ژیانیدا بکرێتەوە؟

بێشک گەر دەرد و ئازارەکان نەناسین، ناتوانین ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتی، ترس و دڵەڕاوکێیە بدۆزرێتەوە. وڵامدانەوە بەم پرسیارانە پێویستی بە ناسینی مێشکی نەخۆش و چاوی خێلبینی باندێکی مافیاییەوە هەیە کە لە مێژساڵە نایانهەوێ ڕاستییەکانی کومەڵگا و کێشەکانی وەک خۆی ببینن و شرۆڤەی بکەن. ئەو باندە و لە سەرووی هەموویانەوە قۆچکی دەسەڵات، ئەوەندە لار و خێلبینە کە پێویستی بە نەشتەرگەریی مێشک هەیە و تەنیا ڕێگەش برین و دەرهاویشتنی ئەو لووە دەروونڕێژە پڕمەترسییەیە کە کومەڵگای ئێرانی تووشی ئەم ئاریشە قووڵانە کردووەتەوە. ترس و دڵەڕاوکێی تاکی ئێرانی بەرهەمی شێوەبیرکردنەوە و تێڕامانی توێژێکی کۆمەڵگایە کە دەیان ساڵە خۆیان سەپاندووە، خێل دەبینێ و کێشەکان بەپێچەوانەوە لێکدەداتەوە. بۆ هەستکردن بە بۆگەنیی مێشکی ئەم تاقمە پێویست ناکات بەوردی خوێندنەوەی سیاسییانەت بۆ سیستم هەبێ، تەنیا بە تێڕامانێکی سەرەپێی دەتوانین بە چەوتی بڕیارەکانیان لەمەڕ بەلارێدابردنی کۆمەڵگا لەلایەن ئەم باندەوە بگەین.

**ئەم چەند خاڵەی خوارەوە مشتێکن لە هەشتێی ڕەفتارە چەوتەکانی کۆمەڵێک پاوانخوازی مێشک نەخۆشی خێلبین:**

١- سیستمێک کە دەیهەوێ هەژاری بنەبڕ بکات، کەچی نرخی نان و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، بە چەندین قات هەڵدەکێشێت.

٢- سیستمێک کە بۆ نیشاندانی بە ڕواڵەت دورلێدانی گەمارۆکان، بێنزین بە ٣ هەزار تمەن بە کۆمەڵانی خەڵک دەفرۆشێ، کەچی بە ٥٠٠ تمەن و بە قاچاغی هەناردەی دەرەوەی وڵاتی دەکات. لەم نێوەشدا گەندەڵی سەرانی ڕێژیم و سەرانی نیزامی سپای تێرۆریستی پاسداران ئەختاپووسئاسا لە زیادبووندایە.

٣- سیستمێک بۆ ئەوەی نیشان بدات دژەئامریکاییە و بۆ ئەوەی قەرەبووی عۆقدە بەستراوەییەکانی بکاتەوە، خۆی دەخزێنێتە باوەشی پووتین و ڕووسیاوە و لە هەر هەلومەرجێکدا پشتیوانی لێدەکات.

٤- سیستمێک کە کاری هەستیاری کلتووری بە نیزامییان دەسپێرێ و گۆڕستانەکان ئاوەدان دەکاتەوە.

٥- سیستمێک کە سیاسەتی دەرەوە و پێوەندی لەگەڵ دراوسێیەکانی لە ڕێگەی مووشەک و ڕاکێتبارانەوە تەنزیم دەکات و بە زمانی هەڕەشە لەگەڵیان دەدوێت.

٦- سیستمێک کە بە شێوەی فەرمی و لە ڕاگەیەنەرەکانیدا باسی سڕینەوەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و ئاڵاکانیان لە سەر شەقام ئاگر دەدات و تەنانەت ڕۆژی لەناوبردنەکەشیان دیاری دەکات.

٧- سیستمێک کە بە تانک و چەکی قورس و نیوەقورس هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵک و لە سەر شەقام دەیانکوژێت. دواجاریش فیز بە سەر خەڵکەوە لێدەدات کە ئەمنییەتمان هەیە!

ئەرێ گەلۆ!

ئەم سیستمە لاربین و مێشک نەخۆش و بێ پڕەنسیپ نییە و نابێ نەشتەرگەریی لووە دەروونڕێژەکانی بۆ بکرێت؟

# هەوڵی گۆڕینی دێموگرافی کوردستان

**چیا عەلیار**



ڕێژیمە زاڵەکان بەسەر کوردستان بە درێژایی تەمەنی خۆیان لە هەوڵدا بوون کە کورد پاکتاو بکەن، بیتوێننەوە، ملکەچی بکەن یان ئەگەر هیچ کام لەوانەیان بۆ نەکرا لانیکەم لە خۆی و خاکەکەی نامۆی بکەن و ئەو پێوەندییە هەستەکییە کە هەر مرۆڤێک بەرامبەر بە نیشتمانەکەی هەیەتی لێی وەر بگرنەوە و بەمشێوەیە لە کوردبوون و مانا زەینییەکانی دایبماڵن؛ یەکێک لە مێکانیزمەکانی بەئەنجامگەیاندنی ئەم خەونە لای کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لەڕاستیدا هەوڵدان بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستانە کە خۆی بەشێکە لە پرۆسەیەکی گەورەتر و مەترسیدارتر کە ئێمە لێرەدا ناوی دەنێین پرۆسەی کۆلۆنیالیزمی خاک.

لە مێژساڵە ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای جۆراوجۆر و پلان و پیلانی قێزەونی هەمەڕەنگ هەوڵی پاکتاوی نەتەوەیی یا لانیکەم گۆڕینی دێمۆگرافیای کوردستان دەدات؛ ئەو پلانانەش زیاتر لەو ناوچانە بەڕێوە دەچن کە سنووری هاوبەشی کوردستانە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە. بۆ نموونە ورمێ کە شارێکی، بە مێژوو و بە حەشیمەت و بە جوغرافیا، کوردستانییە و بەشێکی تورکیش لەو شارەدا ژیان دەکەن. دێهاتەکانی دەڤەری ورمێ سەتا سەد کوردن و تۆ هیچ گوندێک نابینی کە دانیشتووانەکەی تورک بن کە هەر ئەم پرسە دەتوانێ سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بێت کە ئەو تورکانەی لە نێو شاری ورمێدان هاتوون و نەگەڕاونەتەوە نە ئەوەیکە هەر لە بنەڕەتڕا دانیشتووی ئەوێ بووبێتن بەڵام ڕێژیم ئاسانکاری بۆ تورکەکان دەکات کە بە کڕینی ملک و ماڵی کوردەکان بە نرخی زیاتر بەرەبەرە دێموگرافیای ئەو ناوچەیە بگۆڕێ و لە پیلانێکی درێژخایەندا بەرەبەرە خاکی کوردستان بخرێتە سەر ئازەربایجان.

لە مەهاباد و ناوچەکانی شامات و چۆمی مەجیدخان و دەڤەری میاندوئاو کە سنووری هابەشی لەگەڵ کوردستان هەیە و دێهاتەکانی بەشی هەرەزۆری خاکی کورستانە و تەنیا نێو شاری میاندواو زۆریەی تورکنشینە، هەمان کار دوپات دەبێتەوە، زەوی و زار و ماڵی کوردەکان بە نرخێکی زیاتر لە ئاستی بازاڕدا دەکڕدرێ و ڕێژیمیش ئەوپەڕی ئاسانکاری بۆ ئەو مۆرانەی خۆی دەکات بۆ کاری تۆمارکردن و ئاوکێشان و بەرق و ...

لە زۆر شوێنی دیکەش بەئەسپایی و ژێربەژێر ڕێژیم خەریکی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەک کە ئەگەر وریایی ئێمەی کورد نەبێ هیچ دوور نییە لە بیست تا سی ساڵی داهاتوودا ئەو ناوچانە کە خاکی کوردستانە زۆر ئاسان بخرێنە سەر خاکی ئازەربایجان و کوردی لێ نەمێنی.

ڕێژیمە داگیرکەرەکان بۆ لەنێوبردنی کورد ڕێگای جۆراوجۆر و پلانی ڕەنگاوڕەنگی دارشتووە کە لە مێژوودا هەموو جارێ تووشی شکست بوون بەڵام ئەو شکستانەیان بەو مانایە نییە کە ئێمە بێخەم بین و ملکوماڵ و زەوی و زارمان بەوان بفرۆشین لە پێناو نرخێکی گرانتردا! دزینی ئاوی کوردستان، دزینی ئاسەواری مێژوویی، پێڕانەگەیشتن بە شوێنە مێژووییەکان و بەرەبەرە وێرانبونیان، تەنانەت هەوڵی بەفارسیکردنی کوردستان بەردەوامە کە هەموو ئەوانە دەکەونە هەوڵی پاکتاوی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی ئێمەوە.

کوشتار و تیرۆر و گرتن و سەرکوت و زیندان و بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکانیش با لەوێ ڕاوەستێ کە بە بەردەوامی دژی هەستی بەرزەفڕی لاوی کورد بە کار دەهێندرێ .

ئەگەر خاکمان نەبێ و خاکەکەمان بەرەبەرە بفرۆشین، ئاسەوارە مێژووییەکانمان وێران بن، کەلوپەلی مێژووییمان بدزن و تاڵانی بکەن و بە ناوی نەتەوەی حاکم بە جیهانی پیشان بدەن، زمانەکەمان سەقەت و ناکارامە بکەن، لاوەکان موعتاد بکەن، ئیتر چ شتێک دەمێنێتەوە بۆ دوارۆژی نەوەکانی داهاتووی کورد؟


ئەساسەن کورد بوونێکی نامێنێ و خاکێکت نییە تا داوای ئازادی بکەی و کولتور و زمان و شوناسیشت بەتاڵان براوە.

بۆیە جێی خۆیەتی خەڵکی ئێمە بە وشیاری تەواوەوە لەگەڵ ئەو مەسەلانە بەرەوڕوو ببنەوە. کەواتە دەبێ چی بکەین؟ ڕەنگە زۆر شێواز و ڕێکار هەبن کە بتوانن لە پیلانە جۆربەجۆرەکانی ڕێژیم دوورمان بخاتەوە؛ لەوانەش: ئیزن نەدەین ئاوی کوردستان بچێتە ناوچەیەکی دیکە و کشتوکاڵمان وێران بێ، زەوی و زار بە کورد بفرۆشین نەک غەیرەکوردەکان، زمانمان بپارێزین و لە ژێر ناوی درۆی لاوازیی زمان و باکلاس و بێکلاس و دێهاتیدا نەیگۆڕین و سەقەتی نەکەین.

لەو پێناوەدا ڕەنگە زۆرکەس چاوەڕوانی هەڵوێستی حیزبەکان بن بەڵام لەگەڵ ئەوەی بێگومان حیزبەکانی ئێمە لەو بارەوە خەڵک وشیار دەکەنەوە و پارێزگاری لە خاکی کوردستان دەکەن، هاوکات ئەو ئەرکە تەنیا لە سەر شانی هێزی پێشمەرگە نییە و خەڵک خۆیان دەتوانن بە دەربڕینی نارەزایەتی، پێشی ئەو پرۆسەی گۆڕینی دێموگرافی و پاکتاوی نەتەوەییە بگرن.

ئەو گەلانە سەردەکەون کە شانازی بە زمان و کولتور و مێژوو و نەتەوەی خۆیانەوە دەکەن و دەیپارێزن و لە سەر هەر بستەخاکێک و هەر وشەیەک لە زمانەکە و هەر دڵۆپەئاوێکی بێدەنگ نابن بۆیە بێگومان وشیاری ئێمەی کورد و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیمان ئەو پلانەی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران بە دژی گەلی کورد وەک پلانەکانی دیکە دەکرێ پووچەڵ بکاتەوە.

# شوێندانەریی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەسەر پێشکەوتنی نێو ڕێکخراو



**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕەوتێکی عەقڵانی و سیستماتیکە کە دەتوانێ تاک بەشێوەیەکی چالاک و سەرنجڕاکێش سەرقاڵی سازکردن یان دووبارەپێناسەکردنەوەی چەمکەکان، بەکاربردنیان، شرۆڤەکردنیان و تێهەڵکێشکردن و بایەخدانان بۆ زانیارییە کۆکراوەکان بکات و لەڕێگەی بینین و ئەزموون، بیرکردنەوە و هۆکاردۆزینەوە بەرەو باوەڕێکی لۆژیکی و کردارێکی هەڵسەنگێندراو بەرەو پێش بچێت**

نەکەرۆز

## پێشەکی:

دەستەواژەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یان ڕەخنەگرانە هەڵگری چەندین پێناسەی جۆراوجۆرە کە وەک زانستێکی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە چەندین ئەرک و لە هەمان کاتدا چەندین کاریگەری یان شوێندانەری لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێ و هەر کام لەوانەش پێویستییان بە لێوردبوونەوە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مەیدانی هەیە تا بتوانێ وەک نەریتێکی فکری لە نێو کۆمەڵگادا جێ بگرێت کە ڕوونە دواجار لە قازانجی کۆمەڵە بەشەرییەکاندا خۆی دەربخات.

ئەوەیکە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت فوکوسی بخرێتە سەر لەڕاستیدا شەنوکەوکردنی دوو کاریگەری بەرچاوی بیری ڕەخنەییە لەسەر ڕێکخراو کە لە کۆتاییدا هەوڵ دەدرێ پەیامی سەرەکی بابەتەکە بە خوێنەر بداتەوە؛ ئەو دوو کاریگەرییەش بریتین لە:

١.بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی سترێس و دڵەڕاوکێکان

٢.بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی شکڵگرتنی دووبارەی کەسایەتی بۆ تاکەکان بەتایبەت لە نێو ڕێکخراودا کە خاوەنی کەسایەتیی حقوقین

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە بریتین لە بیردۆزی زیگمۆند فرۆید سەبارەت بە بنەماکانی شکڵگرتنی کەسایەتیی مرۆڤ و هەروەها بیردۆزی دیل کارێنگی سەبارەت بە ڕەخنەی کاریگەر.

## کەسایەتی مرۆڤ:

پرسی شکڵگرتنی کەسایەتیی مرۆڤ یەکێک لەو باسە جیددییانەیە کە بەتایبەت لە زانستی دەروونناسیدا گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێ؛ ئەمەش بەو هۆیەوە کە هەر تاکێک دەتوانێ لە نێو کۆمەڵگادا نەخش و ڕۆڵێکی دیاریکراو بگێڕێت کە ئەم ڕۆڵگێڕییە لەڕاستیدا سەرچاوەگرتوو لە تیپی کەسایەتیی تاکەکانە و دەتوانێ کۆمەڵگایەک بەرەو ئارامی و کەنارەکانی ئاسایش ببات یان بەپێچەوانەوە لە لێواری لەنێوچوونی نیزیک بکاتەوە.

قۆناغەکانی گەشەکردن و شکڵگرتنی کەسایەتیی مرۆڤ لە دوو قۆناغدا ورد دەکرێتەوە: قۆناغی پێش لە لەدایکبوون و قۆناغی پاش لەدایکبوون.

وەک لە دوایین لێکۆڵینەوە پێوەندیدارەکاندا دەرکەوتووە هەموو مرۆڤێک لە دەورانی ئاوڵەمە (گۆدەک) بناغەکانی کەسایەتییەکەی شکڵ دەگرێت؛ ئەمەش ڕاستەوخۆ پێوەندی هەیە بە دوو فاکتەرەوە، یەکەمیان پرسی ژێن دووهەم دۆخی ڕۆحی — ڕەوانی و جەستەیی دایک؛ بەو واتایە کە لەلایەکەوە بەشێک لە کەسایەتیی مرۆڤەکان گرێدراوە بە باری ژێنیتیکی ئێمە و ئەو تایبەتمەندییانەی

کە بۆماوەیی و لە ڕێگەی دایک و باوکەوە بۆ ئینسان دەگوازرێتەوە و ڕەنگە کەس نەتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکات. لەولاشەوە دۆخێک کە دایک لە کاتی دووگیانیدا هەیەتی، هەم لەباری جەستەیی و هەمیش لەباری ڕۆحی و ڕەوانی، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسایەتیمان دادەنێ.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبێتە بەستێنسازی سەرهەڵدانی تایبەتمەندییەک بەناوی «کونجوکۆڵبوون» کە ئەمە لە زۆرێک لە ڕێبەران و بیرمەندانی بواری بیری ڕەخنەییشدا بینراوە و لەباتی ئەوەیکە هەموو پرسەکانی دەوروبەر بۆ ئەوان بەشێوەی «ئەرزشی» لێک بدرێتەوە دەبێتە مژارێک بۆ پرسیارکردن**

واتە ئەو خۆراکانەی کە دایک لە کاتی دووگیانی دەیخوات، تووڕەبوونەکان، ئەو موسیقایەی کە دایک گوێی لێ دەگرێ، ڕێژەی سترێس و دڵەڕاوکێکان و بەگشتی تەواوی ئەو پرسانەی کە دایک لەو سەردەمەدا ئەزموونی دەکات ڕاستەوخۆ بۆ ئاوڵەمە دەگوازرێتەوە و ئەمانە لە «ضمیر ناخودآگاه»ی ئینسان دەمێنێتەوە و بەشێک لە کەسایەتی ئەو مرۆڤە پێک دەهێنێت.

قۆناغی دووهەم کە وەک ئاماژەی پێکرا دەبەسترێتەوە بە پاش لەدایکبوون لەڕاستیدا لەو کاتەوە بە ئەژمار دێ کە مرۆڤ پێ دەنێتە دنیای ڕۆشن و تا کاتی گەشەکردنی جینسی بەردەوام دەبێت. (بۆچوونی زیگمۆند فرۆید)

منداڵ یەکەم وێنەکان، یەکەم دەنگەکان، یەکەم بەردەنگەکان، یەکەم ئاکار و هەڵسوکەوتەکان لە بنەماڵەیەوە وەردەگرێت و بە پێڕەوی کردن لە ئەسڵی «لاسایی کردنەوە» هەوڵ دەدات خۆی بناسێنێ و دنیای دەوروبەری بناسێت. پاشان ڕوو لە کەشی دەرەوەی ماڵ دەکات و ئەزموونی کۆڵان و شەقام و قوتابخانە و بازاڕ و زانکۆ و ... بە هەنبانەی زیاد دەکرێت و زیادتر خۆی دەناسێ و بەهۆی سیستمی فێرکاری ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژی و هەروەها دابونەریتەکانی نێو کۆمەڵگا و «ئەشێ و نەشێ»کان یان «دەبێ و نابێ»کان خۆی دەبینێتەوە و هەوڵ دەدات خۆی لە کۆمەڵگادا بسەلمێنێ و کاتێک کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بوونی قبووڵ کرا دەگاتە خاڵی ئاسایش و ئیتر تا کۆتایی تەمەنی گۆڕان بە سەر باوەڕ و بۆچوونەکانی دێت یان بەپێچەوانەوە لە نێو ئەو بازنەدا کە ئێمە بە کەسایەتیی سەرەتایی ناوی لێ دەبەین دەمێنێتەوە و ئەمە دەبێتە کەسایەتی «حەقیقی» ئەو تاکە.

### کەسایەتیی حقوقی تاک لە نێو ڕێکخراودا:

پاش خۆناسینی تاک لە نێو کۆمەڵدا (لەو وڵاتانەدا کە بوونی ڕێکخراو و حیزب و ئێن‌جی‌ئۆ ئاسایی و یاساییە) هەوڵ دەدات لە نێو ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە کە لەباری زەینییەوە خزمایەتی و نیزیکایەتی هەیە خۆی ببینێتەوە و ببێتە ئەندام تێیدا کە زۆر جار دەبینین کەسانی سەرکەوتوویان لێ دەردەچێ؛ بەهەرحاڵ بەم پەیوەستبوونە تاک دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی حقوقی و بەشێک لە کەسایەتییەکەی گرێ دەدرێت بەو ڕێکخراوەوە کە تێیدا بووەتە ئەندام و بازنەی چالاکی و بیرکردنەوە و جیهانبینییەکانی بەپێی باوەڕەکانی زاڵ لەو ڕێکخراوە گەشە دەکات.

بەپێی سروشتی کاری ڕێکخراوەکانیش هەرکام لە ئەندامانی نێو ڕێکخراو دەبنە خاوەنی کۆمەڵێک ماف و لە هەمان کاتدا هەندێ ئەرکیشیان دەکەوێتە ئەستۆ. لە بەرامبەریشدا ڕێکخراو ئەرکدار دەبێ کە تاکەکانی نێو ڕێکخراوەکە بۆ ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بار بهێنێ و ڕایان بهێنێ کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی لە بەرنامەی کاریاندا پێناسە کراوە چالاکی بنوێنن.

### شوێندانەریی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەسەر پێشکەوتنی نێو ڕێکخراوەیی

لەژێر ڕۆشنایی ئەم باسەی تا ئێرە کرا دەپرژێینە سەر ئەوەیکە ئەگەر لە ڕێکخراوێکدا هەوڵ بدرێ بیری ڕەخنەگرانە بکرێتە نەریت و وەک میتۆدێک کەڵکی لێوەر بگیرێ ئەو ڕێکخراوە چەندە پێش دەکەوێ یان بە پێچەوانەوە! کە وەک لە پێشەکیدا ئاماژەی پێکرابوو لە دوو ڕەهەنددا ئەم باسە دەورووژێنین.

### ١.بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی سترێس و دڵەڕاوکێکان

پڕئاشکرایە کە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بەتایبەت لە سەردەمی ئێستەدا بەهۆی باری گوزەران و شێوەی ژیان (دیارە لە هەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازە) لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هتد کار دەکەنە سەر باری دەروونی تاکەکان. یەکێک لە دیارترین و باوترین گرفت و گرێکوێرە ڕۆحییەکان کە ئەمڕۆکە کۆمەڵگا ئینسانییەکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە بوونی سترێسە کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ڕەوشی ژیان لە نێو بنەماڵە و لەڕێگەی ئەویشەوە سەر کۆمەڵگا کە وا دەکات هەوڵێکی جیددی بۆ بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بێتە ئاراوە.

لە نێو ڕێکخراوێکدا ئەو تواناییە هەیە کە بەهۆی هەبوونی کۆڕ و کۆبوونەوە و ناسینی تواناییەکان و لەڕێگەی فێرکردنی بیری ڕەخنەیی تاک فێر بکرێت کە بە پشتبەستن بە تواناییەکانی و زیادکردنی ئاستی متمانەبەخۆبوون هەوڵ بدات هەنگاو بە هەنگاو زاڵ بێت بەسەر ئەم گرێکوێرە.

هەروەها سیستمی ڕێکخراویش دەتوانێ هاوکار و یارمەتیدەر بێت بۆ تاکی تووشبوو کە بە دۆزینەوەی ڕێگای درووست لەم گێژاوە ڕۆحی - ڕەوانییە دەربازی ببێت. ئەمەش بەو هۆیەوە کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕەوتێکی عەقڵانی و سیستماتیکە کە دەتوانێ تاک بەشێوەیەکی چالاک و سەرنجڕاکێش سەرقاڵی سازکردن یان دووبارەپێناسەکردنەوەی چەمکەکان، بەکاربردنیان، شرۆڤەکردنیان و تێهەڵکێشکردن و بایەخدانان بۆ زانیارییە کۆکراوەکان بکات و لەڕێگەی بینین و ئەزموون، بیرکردنەوە و هۆکاردۆزینەوە بەرەو باوەڕێکی لۆژیکی و کردارێکی هەڵسەنگێندراو بەرەو پێش بچێت. بە دیوێکی تردا بوونی بیری ڕەخنەیی ئەو تواناییە بە ئەندامانی ڕێکخراو دەبەخشێ کە ببنە خاوەن تواناییەکی زیادتر بۆ شیتاڵکردنەوە و شرۆڤەی باشتری کۆی زانیارییەکان و بڕیاری دروست لە شوێنی گونجاو بدەن. کاتێک کە ئەم پرسە ڕووی دا سروشتییە کە کۆی ڕێکخراوەکە بەرەو ئاقارێکی تەندرووست هەنگاو دەنێ و لە کۆتاییدا پێشکەوتنی ڕێکخراو دەبێتە پرسێکی بێئەملاوئەولا.

### ٢.بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی شکڵگرتنی دووبارەی کەسایەتی بۆ تاکەکان بەتایبەت لە نێو ڕێکخراودا کە خاوەنی کەسایەتیی حقوقین

وێڕای ئەو باسەی کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا خرایە ڕوو دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆکاری سەرەکی لەمەڕ شکڵگرتنی کەسایەتییەک کە ڕوون و بێ گرێوگۆڵ و لۆژیکییانە (منطقی) بیر دەکەنەوە کە لە چەند خاڵی جەوهەریدا خۆیان دەنوێنن:

یەکەم ئەو کەسانە فێر دەبن کە تواناییەکانیان بۆ درک و ناسینی جیهانی دەوروبەریان لە ڕووی بینینەوە دابرێژن واتە دیتنێکی ورد و قووڵ لەسەر پرسەکان کە دەبێتە هۆکارێک لەمەڕ درووست بیرکردنەوە و درووست بڕیاردان.

دووهەم بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبێتە بەستێنسازی سەرهەڵدانی تایبەتمەندییەک بەناوی «کونجوکۆڵبوون» کە ئەمە لە زۆرێک لە ڕێبەران و بیرمەندانی بواری بیری ڕەخنەییشدا بینراوە و لەباتی ئەوەیکە هەموو پرسەکانی دەوروبەر بۆ ئەوان بەشێوەی «ئەرزشی» لێک بدرێتەوە دەبێتە مژارێک بۆ پرسیارکردن.

سێهەم بیری ڕەخنەیی ئەو هونەرە بە تاک دەبەخشێ کە فێر ببێت چۆن بیر بکاتەوە تا لە دەمارگرژی دوور بکەوێتەوە و هەست و نەستە دەروونییەکان وەلا بنێت.

چوارەم تاک ناچار دەکات بەشێوەی شرۆڤەیی بیر بکاتەوە و توانایی شیکردنەوەی زانیارییە گرینگەکانی لە کەمترین کاتدا پێ دەبەخشێ.

ڕەنگە باسکردن لە کاریگەرییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە پێوەندی لەگەڵ شکڵپێدانی کەسایەتی زۆر لەمە زیادتر هەڵبگرێ بەڵام ئەگەر ئەم چوار خاڵە بکەینە پێوەر بۆ ئاکامگیری ئەم بەشە لە بابەتەکەمان دەتوانین بڵێین لە ژیانی هەر ڕێکخراوێکدا تاکەکان دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بن کەواتە ئەگەر لە نێو ڕێکخراودا تاک فێر بکرێت بەم شێوەیە بیر بکاتەوە ئەوا لە دەرەنجامدا کۆی سیستمەکە (ڕێکخراو) گەشە دەکات چونکە ڕۆڵی تاک بەرجەستە دەبێتەوە و تاکە خاوەن بیرەکان زیادتر دەبن و دوائەنجامیش دەبێتە ئەوەیکە کۆمەڵگا بە هەموو جمگەکانییەوە قازانج بکات.

# ئازاد محەممەدیانی:

## ڕێبەرایەتییەکی گشتگیر و کاریگەر کە بتوانێ فرەچەشنی کۆمەڵگای ئێران کۆبکاتەوە و توانایی ئەوەی هەبێ ببێتە بەدیل بە بڕوای من غایبی سەرەکی ئەم ناڕەزایەتییانەیە و پێکهاتنیشی دەبێتە هیوای سەرکەوتن

**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

لە ئێران نابەرابەری و ناعەداڵەتی و گرانی و دەیان قەیرانی دیکە بە شێوەیەک پەرەیان سەندووە کە خەڵک ژیانێکی تاڵ و دژوار تێپەڕ دەکەن.

گرانی، بێکاری و گەندەڵی گەیشتووەتە جێگەیەک کە ئێتر هیوایەک بۆ باشبوونی ئەم بارودۆخە نالەبارە نەماوە، هەر بۆیە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە داوی شەپۆلێکی دیکەی گرانی، لە زۆرێک لە شارەکان ڕژانە سەرشەقام و دژی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە دروشمیان دا و خۆپیشاندانیان بەڕێوەبرد بەڵام دەسەڵات بە بری وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازی خەڵک، ئەمجارە ڕێگای سەرکوتی گرتە بەر.

لەم وتووێژەدا پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران، هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ خۆپیشاندەران و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن و بێدەنگی دنیای دەرەوە بەنیسبەت ئەو خۆپیشاندانانەمان لەگەڵ بەڕێز دوکتور «ئازاد محەممەدیانی» شرۆڤەکاری سیاسی خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ـــ خۆپیشاندانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران دوای شەپۆلی نوێی گرانی تا چەندە پێشبینی دەکرا، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران چۆن لەسەر خەڵک بیر دەکەنەوە؟**

ڕەفتاری سیاسی خەڵکی ئێران بەنیسبەت ئەو جۆرە کێشانە پێشبینی ئەوەیکە دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی دوای ئەو گرانییانە چ دەبێ زۆر دژوار نەبوو.

بە چەشنێک کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش چاوەڕوان بوون و خۆیان بۆ تەیار دەکرد. ئێستا لە ئێران چینێک لە سەر شەقامە و مەیدانداری ناڕەزایەتییەکانی ئەم چەند ساڵەی ئێران بە تایبەت لە ٩٦ەوە دەکا، کە یەک لە نیشانە گرینگەکانی گۆڕانکاری مەزن لە بەستێنی کۆمەڵایەتی ئێراندایە، یەکەم ئەوەیکە چینی مامناوەند کە چینی گۆڕانکاریخوازە حوزووری کۆمەڵایەتی نییە کە لەلایەکەوە نیشانەی لاوازبوونیەتی کە هۆکارەکەی گوشاری سیاسی دوای بزووتنەوەی سەوز و بەرنامە و قەیرانە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و دواتر دەوری دووهەمی دەوڵەتی ڕۆحانییە، لەلایەکی دیکەوە نیشانەی بچوکبوونەوەی ئەو چینە و پەیوەستبوونیەتی بە چینی خوارەوەی کۆمەڵگا کە هەم ڕەفتاری سیاسییان جیاوازە و هەم ویست و داواکارییەکانیان، دووهەم ئەوەیکە نەوەیەک لە ئێران پێگەییوە کە ڕێک دەستپەروەردەی کۆماری ئیسلامییە بەڵام نیشانی داوە هیچ بڕوایەکی بەو دەسەڵاتە نییە و دژی هەموو بەهاکانی ڕاوەستاوە. کەواتە دەکرا پێشبینی بکرێ دوای ئەو گرانییانە کۆمەڵانی خەڵک کە لە ژێر وەها فشارێکی ئابووریدان بەم شێوەیە هەڵوێست بگرن.

دیارە حکوومەت بەردەوام نیگەرانی دژکردەوە و حوزووری خیابانی خەڵکە بەڵام هاوکات هیوادارە سازمانە سەرکوتە زەبەلاحەکەی بتوانێ بەرپەرچی خەڵک بداتەوە و ئەو توانایییەی هەبێ کە دەسەڵاتەکەی بپارێزێ. شتێک کە بە درێژایی ئەم چل و چوار ساڵە یارمەتی داوە و تا ئێستاش توانیویەتی کاریگەر بێ.

**-جیاوازی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی پێشوو لە چیدایە؟**

لەڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانانە درێژەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندانانەیە کە لە ساڵی نەوەدووشەشەوە دەستی پێکردووە، جۆرێکی جیاواز لە حوزووری خیابانی، ئەگەر تا ئەو کات چین و توێژە جیاوازەکان لە چوارچێوەی گوتاری ئیسلاحتەڵەبیدا لە مەیداندا بوون و تەنانەت ئەگەر لەو چوارچێوە گوتارییەش لایان دەدا، ڕەفتاریان جۆرێکی دیکە بوو، هێمنتر و چوارچێوەمەندتر بوو کە ڕێبەرایەتییەکی بوو، ئەو ڕێبەرایەتییەش بەشێک لە ڕێبەرانی ڕیفۆرمخواز و زانکۆکان بوون، وەک ساڵی ٧٨. بەڵام ئەم ناڕەزایەتییە نوێیانە بێ ڕێبەرن، چوارچێوەبەزێنن، توندوتیژترن و بەنیسبەت بەها گشتییەکانی دەسەڵات بێبڕواترن؛ بێترسترن و بەپێچەوانەی پێشتر تەنیا گەنجەکان نین کە لە سەر شەقامن، بەڵکوو جۆراوجۆری تەمەنیی تێیدا بەدی دەکرێ وێڕای ئەوەیکە گەنجی دەیە حەفتایی و هەشتایی مەیدانداری سەرەکی ئەو خۆپیشاندانەیە و لە هەموو گرینگتر ڕاستەوخۆ سەری کۆماری ئیسلامی واتە خامنەیی و لەویش گرینگتر وەلایەتی فەقێیان کردۆتە ئامانج.

**ـ شەپۆلی نوێی خۆپیشاندانەکان لە ئێران تا ئێستا توانیویەتی شێوەیەکی گشتگیر بەخۆوە بگرێت؟ ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنەکان چەندە ڕۆڵیان هەبووە؟**

دیارە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین هیچ، بەڵام ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن زۆر لە قەوارە و نێویان کەمترە.

چون لە پلەی یەکەمدا ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و کارامە بوونی نییە لە پلەی دووهەمدا ئۆپۆزیسیۆن نە پێوەندییەکی ئوسوولی لەگەڵ کۆمەڵگا هەیە و نە توانیویەتی توانایی بوون بە ئاڵتێرناتیوی هەبێ. بەدیلێک کە متمانەی خەڵکی لە پشت بێ و بتوانێ نەخشەڕێگایەکی دروست و ڕوون لە داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی بدا بە دەستەوە.

کەواتە ناتوانرێ چاوەڕوانی لە وەها ئۆپۆزیسیۆنێک، ڕێکخستن و ڕێبەری ئەو کۆمەڵگایە بێ، بۆیە پێموایە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە نەتەنیا پێش کۆمەڵگا نەکەوتووە و ڕێکی نەخستووە، بەڵکوو لە دوای کۆمەڵگاوەیە.

لەڕاستیدا من لەو بڕوایەدا نیم لە ئێران ئۆپۆزیسیۆن بوونی هەیە، جەماعەتێک دژبەری کۆماری ئیسلامین کە ناتوانین ناوی ئۆپۆزیسیۆنیان لێ بنێین، چون من پێموایە تا کاتێک ئەم جەماعەتە دژبەرە توانایی بوون بە ئاڵتێرناتیویان نەبێ و ئەو هێزە هێژمونیکە وەدەست نەهێنن کە کۆمەڵگا ڕێک بخەن و جەماوەریش متمانەیان پێنەکەن، ناتوانین ئەو ناوەیان لێ بنێین. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکەم تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کوردە کە هەم بەدیلە و هەمیش ڕێکخراوە و توانایییەکی ڕێژەیی ڕێکخستنی کۆمەڵگای بەردەنگی خۆی هەیە.

**ـ ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک لە هەموو بارەکانەوە تا ئێستا بە چ ئاقارێکدا دەڕوات و لە ئەگەری بەردەوامی لە داهاتوودا، ناڕەزایەتییەکان دەچنە چ قۆناخێکەوە؟**

خەڵکی ئێران سەرەڕای ئەوەیکە پتر لە سەد ساڵە شەڕ بۆ ئازادی، بەرابەری و حکوومەتی یاسا دەکەن بەڵام ئێستا کەڵکەڵەیەکی دیکەشی هەیە ئەویش نانە. ئێستا پەرۆشی نانی شەوە، نانێک کە پێشتر ئاسانتر دەهاتە سەر سفرەی خەڵک. ئێستا کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵێک هۆی هەیە بۆ ناڕەزایەتی و ئەو کۆمەڵە هۆیە، جۆراوجۆری داواکاری بە دواوە هاتووە و خەڵکیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە دەسەڵات هێناوەتە مەیدان و ڕووبەڕووبوونەوەکەی زۆر ڕوونتر کردووە. دیارە درێژبوونەوەی ئەو دۆخە یانی قووڵبوونەوەی زیاتری کەلێنی دەوڵەت-میللەت و دابەزینی پتری مەشرووعیەتی حکوومەت و بەرهەمهاتنەوەی زیاتری ناڕەزایەتی کە دەتوانێ بەهێندێک مەرجی وەک پەیدابوونی بەدیل، ڕێبەرایەتی، پشتگیری نێونەتەوەیی و ... ئاکامەکەی ڕووخانی ئەم حکوومەتە بێ.

**-ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرکوتی خەڵک و چالاکانی مەدنی و سیاسی خەڵک دەترسێنێت یان خۆی دەترسێت؟**

لەڕاستیدا هەردووکیان، هەم دەیهەوێ ئاستی تێچووی بەشداری لەم جۆرە چالاکییانەدا بەرێتە سەرێ کە کەمتر کەسێک ئامادە بێ ئەوەندە تێچووی بۆ بدا، هەمیش ئەم جۆرە دژکردەوانە نیشانەی ترسە لە درێژەدارنەبوونی حکوومەتەکەیان و هەوڵە بۆ پاراستنی دەسەڵاتێک کە وێڕای ئەم هەموو توندوتیژییەی کە بە درێژایی ئەم نزیک نیو سەدەیە بۆ مەهار و ترساندنی کۆمەڵگای ئێران بە کاری هێناوە هەر لە کەمبوون بووە و خەڵکانێک بەردەوام وەک ناڕازی و دژبەری حکوومەت بوونیان بووە و لە هیچ زەبروزەنگێک نەپرینگاونەتەوە.

کەواتە ترس لە هەرەسهێنانی دەسەڵاتەکەیان و ترساندنی کۆمەڵگا بۆ پێشگیری لەم دارمانە دووانەیەک بوون کە کۆماری ئیسلامی پێوەی لەدایک بووە، گەشەی کردووە و ئێستاش گەیشتۆتە قۆناغێکی مەترسیداری تەمەنی.

قۆناغێک کە دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزێ و ترساندنی جەماوەری ناڕازیش وێڕای ئەو هەمووە سەرکوتە ئیدی وەڵامدەر نییە.

**-کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا کەی دەیهەوێت لە ڕێگای سەرکوتی خەڵکەوە درێژە بە تەمەنی خۆی بدات؟**

تا کاتێک کە پێی وایە گەیشتۆتە کەناراوەکانی سەرکەوتن، تا کاتێک کە پێی وایە ئیدی خەڵک توانایی ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە و دەتوانێ بە ژوورێیاندا بکاتەوە، لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی قەت بیری لە چارەسەری پرس و کێشەکان نەکردۆتەوە، بەڵکوو هیوادار بووە بە سەرکوت و هەڕەشە، قەیرانەکە مەهار و کۆنترڵ بکات. هەرگیزیش پێی وانەبووە بۆخۆی بەشی گرینگی هۆکاری گشت قەیرانە لە ئێراندا، بۆیە ئەگەر بیر لە چارەسەر بکاتەوە و قازییەکی دادپەروەر بێ، دەبێ حوکم بۆ لەناوچوونی خۆی بدات، کەواتە ئاسانترین ڕێگەچارە سەرکوتی خەڵکە و کووژاندنەوەی هەر مۆمێکە کە ڕێنیشاندەری سەربەستی کۆمەڵانی خەڵک بێ.

**ـ زەرفییەتی خۆپیشاندانەکان لە ئێستادا لە چ بارێکدایە و ڕەمزی سەرکەوتنی خەڵک لەو قۆناخەدا لەچیدایە؟**

چاونەترس و ئازایە و ڕێک سەری دەسەڵاتی کردۆتە ئامانج. جیاوازی شوێنی ناڕەزایەتییەکانیش بە چەشنێکن کە بوونەتە زەرفیەت و تایبەتمەندییەکی باش بۆ ئەم قۆناغە، چون ئەم جۆراوجۆرییە دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ بەرینتر و گشتگیرتربوونی ناڕەزایەتییەکان.

درێژەداربوونی ئەم ناڕەزایەتییانە و شکڵ و قەوارە گرتنیشیان گرینگترین پێداویستی ئێستایە. ڕێبەرایەتییەکی گشتگیر و کاریگەر کە بتوانێ فرەچەشنی کۆمەڵگای ئێران کۆبکاتەوە و توانایی ئەوەی هەبێ ببێتە بەدیل بە بڕوای من غایبی سەرەکی ئەم ناڕەزایەتییانەیە و پێکهاتنیشی دەبێتە هیوای سەرکەوتن.

**-کاردانەوەکانی نێوخۆ و دنیای دەرەوە چەندە بووە و چ ڕۆڵێکی لە ڕەوتی ئەو خۆپیشاندانەدا دەبێت؟**


دیارە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دەزگای زەبەلاحی سەرکوتییەوە، کە میدیاش بەشێکە لەو ئامرازی سەرکوتە، دەیهەوێ دەنگی ئەم ناڕەزایەتییانە کپ بکات و بە بەرتەسککردنەوەی مەودای چالاکی میدیایی و فەزای سایبێری بەو ئامانجەی خۆی بگات و بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی، پێوندی نێوان ناڕازییەکان بپچڕێنێ، بەڵام وێڕای ئەوەیکە زۆری هەوڵ بۆ دەدا نەیتوانیوە سەربکەوێ و کۆمەڵگا ڕێی خۆی دۆزیوەتەوە و دەنگی یەکتر دەبیستن. بەڵام وەک هەمیشەی ناڕەزایەتییەکان، دنیای دەرەوە چاوی لە ئاست ئەو ڕووداوانە بەستووە و نایهەوێ کاریگەری خۆی بە سەر ئەم دۆخەدا بسەپێنێ. ڕۆژاوا و کۆڕ و ڕێکخراوە جیهانییەکان حەساسیەتی پشتیوانی خۆیان لە جەماوەری سەر شەقام دەرک نەکردووە و ئەگەریش دەرکیان کردبێ حەز بە پشتگیری ناکەن، بۆیە خەڵکی ئێران بە تەنیا لە مەیداندایە کە بەداخەوە ناتوانێ جێی ڕەزامەندی بێ.

لە لایەکی دیکەشەوە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات نەیتوانیوە لابییەکی بەهێز بۆ کاریگەریدانان لە سەر سیاسەتی وڵاتان دابنێ، کارێک کە زۆر پێویستە.





بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی مامۆستایانی دەروەستی کوردستان کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا دووبارە پێشەنگایەتی خۆیان سەلماندەوە و لە سەر شەقام و بەشێوەی مەدەنییانە ویست و خواستە ڕەواکانیان هێنایە بەر باس و ڕۆڵی «شار»یان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان کردەوە بە ڕۆژەڤ، لەم ژمارەی کوردستاندا چەند کۆپلە شێعری شاعێری ناوداری گەلەکەمان، مامۆستا ڕەحیم لوقمانی، کە تایبەتە بە مامۆستایان چاپ و دەیخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.
پێشکەشە بە هەموو مامۆستایانی ئازادیخواز و لە سەرووی هەمووان مامۆستایان بەندکراو، ئیسکەندەر لوتفی، مەسعود نیکخا، شەعبان محەممەدی و ڕەسوڵ بوداغی.



## سکاڵای مامۆستا

**(پێشکەش بە هاوکارانی هاودەرد و هاوبیرم)**

ساڵەهایە دەردەبار و حەسرەتی فەرهەنگمە
نامرادی و ڕەنجی زانین ڕۆژ و شەو هاودەنگمە
ساڵەهایە مۆمی ژین و ئارەزووم دەتوێتەوە
چونکە کێشەی کۆنپەرەستی و باوەڕی شەوڕەنگمە
بیر و کردەی چاک و زانین، کوانێ نرخی بۆ نەزان؟
شێعر و ئازادی و هونەر چون سازی بێ ئاهەنگمە
گەر لە دنیا زانیاری و ڕێی قەڵەم پێشکەوتنە،
لێرە بێکاری و هەژاری و ژینی ژار و ژەنگمە
بستە خاکێ، تیکە نانێ، حورمەتێ، نەمدی بە دڵ
ئەنبیام و ئەولیام و ناوی زل پارسەنگمە
باڵی فیشاڵ و درۆ ئەمباتە شانی ئاسمان
ناوی گەورە و شاری وێران باری لار و لەنگمە
ماڵ و کورسی گەورەکانم گەرم و نەرم و پڕ بەلاش
هەر هەموو پاشای بەڵێن و وادەیی سەد ڕەنگمە
من لە سایەی ئێوەدا قاروونی گەنجی حەسرەتم
ئاخی زستان، ڕەنگی پاییز، ژینی پڕ ئاستەنگمە
سەد نەهاتی هاتە ڕێم و کەس نەهاتە دادی من
دڵ بە کێتان خۆش بکەم گەر باری سەد مەن سەنگمە
دەرسی پاشکەوتن هەتا کەی؟ بەسیە بێدەنگی و درۆ!
ئەی منالان بۆ ژیانتان، ڕاپەڕن بەم زەنگمە .....

## بەڵێن بێ!

بەڵێن بێ چیتر گوڵی وشەیەک
نەدەم لە ئێخەی بۆنەکانی ساڵ
چون ئەو ڕۆژانە،
دەنکە تەسبیحی سووتاوی دەستی پیرسیاسەتن!
ڕۆژی جەولانی دروشمی ڕەنگن!
چونکا کرێکار، وەرزی ژیانیان،
بە کۆڵی چیا و چیایەک لە کۆڵ!
هەموو ڕۆژێ لە سەنگەری دەستوورەوە
پیرۆزبایی چەپڵەبارانی تفەنگن!
بەڵێن بێ چیتر، گەزۆی هاوارێک
نەنێمە زاری ڕۆژی مامۆستا!
چون مامۆستا هەموو ڕۆژێ
لە پشت فەرمانی تاکسیدا
نەفەر نەفەر، تمەن، دینار
خەڵکی شار و قوتابیانی دەڵێتەوە
هەموو ڕۆژێ بە قەڵەمی بێدەنگیەوە،
بە «قەڵەمە»ی بێ گۆشتەوە
وانەی ژیان، بۆ خێزانی دەڵێتەوە!
بەڵێن بێ چیتر، بووکەڵەی شێعرێک
نەدەمە دەستی ڕۆژی منداڵان
چونکە منداڵ هەموو ڕۆژێ
لە جیاتی جێژن و وانەی نان
جەستەی برا و تەرمی باوکیان بۆ دێننەوە!
چون منداڵان هەموو ڕۆژێ
شەقام، کۆڵان، زبڵاوزبڵ
نانەوردەی عەدالەت و
کەوشەکۆنەی دیموکراسی و
ڕۆحەشکاوی سیاسەت و کارتۆنی ئەخلاق و
قوتووی بۆگەنیوی ماف و
وردەوانەی پیرۆزبایی دەخوێننەوە...!

## ساڵڕۆژی مامۆستا

لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا،
ساڵرۆژی دایک،
ڕەزی زێڕینی باڵای ژن
هێشووی ڕەشی شەلاق دەگرێت
لە نەفتاوای زێڕستاندا،
ڕۆژی منداڵ،
بە ئاهەنگی دووکەڵینی ناو جەنگەوە،
لە پاڵ تەرمی باوک و دایکان بەرپا دەکرێت!
***
لە ساڵڕۆژی لەشکردا
گوللە قرمەی قاقایەتی،
لە پێتەختی تفەنگەوە
ئەمیرانیش،
تاجە گوڵی خوێنی گەلیان دەکرێتە مل
بە شاییانە و ئاهەنگەوە.
***
لە ساڵڕۆژی مامۆستادا
حوکمداری قەڵای زێڕین،
لە هەر لایەک، گێلەمیر و نەزانێکە!
وا مامۆستاش، لە کۆڵانە تەنگەکانی برسێتیدا
سەرگەردانی ماڵەچۆڵ و ژێرخانێکە!

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :823 21 May 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

**«ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان.**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

### دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٩ی بانەمەڕ، «فەرهاد میرزایی» ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی فەرهەنگییانی شاری شاباد سەر بە پارێزگای کرماشان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی بانەمەڕ، شەعبان محەممەدی ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی بانەمەڕ، مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان هاووڵاتییەکی بەساڵاچووی تەمەن ٦٠ ساڵ بە ناوی «عەلی ڕەزایی» خەڵکی شاری قوروەیان لەگەڵ هەڵسوکەوتی نەشیاو و توندوتیژانە دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی بانەمەڕ، «مەسعوود نیکخا» ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان- مەریوان، دووبارە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرایەوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەک بە ناوی «یووسف سەکر» خەڵکی جەڵدیانی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

پێنج هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «نەوزاد کەریمی» خەڵکی مەریوان، «عەلی سەحرایی» خەڵکی کرماشان»، «وریا موئید» خەڵکی سنە، «کەژان سەمەدی» تەمەن ٤٠ ساڵ و کچەکەی «شیلان ئومیدپەنا» تەمەن ١٨ ساڵ خەڵکی مەریوان، لە شاری بانە لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی « تەها ئاتەشئەفراز» خەڵکی «کۆنەخانێ»ـی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشتکردن بۆ ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکان:

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی بانەمەڕ، پارێزگاری سنە ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی خەڵکی ئەو شارەی بانگهێشت کرد.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بانگهێشتکردنی ئەو ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرانە لە پەیوەندی لەگەڵ گرانبوونی شتومەکی خواردەمەنی بووە و پارێزگاری سنە پێی ڕاگەیاندوون کە نابێ لەسەر گرانی وتار و بابەت بڵاو بکەنەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٣ی بانەمەڕ، مەئموورانی ستادی خەبەری لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، ٥ کەس لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان- سنە و مامۆستایانی چالاکیان بانگهێشت کرد. شوناسی ئەو پێنج مامۆستایە «محەممەد ڕەزا مورادی، مەجید کەریمی، سەلاح حاجی میرزایی، نەسرین کەریمی و کورش عێزەت ئەمینی» ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی شەممە ٢٤ی بانەمەڕ، «سەلاح حاجی میرزایی، مەجید کەریمی، محەممەدڕەزا مورادی، کورش عێزەت ئەمینی و نەسرین کەریمی»، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەری و ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی سنە و کەڵاتەرزان، بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعات کران.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی بانەمەڕ، مەئموورانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران بە چوونە ماڵی موزەفەر ساڵحنیا، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ئازادی کرێکارانی ئێران، ماڵەکەیان پشکنی.

یەکیەتیی ئازادی کرێکارانی ئێران ڕایگەیاندووە کە پاش پشکنینی ماڵی موزەفەرساڵحنیا، هاوژینەکەی بە ناوی «گوڵنار قەدیمخانی» لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بۆ ئیتلاعاتی سپا بانگهێشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

سەلاح ئازادی، ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان بانگهێشتی دادگای ئینقلابی مەریوان کرا. ئەو چالاکە سێنفییە بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تێکدانی بیروڕای گشتی، لایەنگری لە حیزبە کوردییەکان لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی فیلم و وێنە» بانگهێشتی دادگای ئینقلابی مەریوان کراوە.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان:

ئیسکەندەر لوتفی و مەسعوود نیکخا، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان، بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی شاری سنە کران.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی بانەمەڕ، کیوومەرس لەتیفی، مامۆستای زمانی کوردی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە، دووبارە بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرایەوە.

شەعبان محەممەدی ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی مامۆستایانی کوردستان- مەریوان پاش دەسبەسەری لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کرا.

ڕۆژی شەممە ٢٤ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «عەبدولواحید عەباسیزادە» تەمەن ٣٥ ساڵ کوڕی عوسمان، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، خۆی بە زیندانی بانە ناساند.

### مانگرتن لە خواردنی زیندانی:

«سۆعدا خەدیرزادە» ژنی دووگیانی دەسبەسەرکراو، خەڵکی شارستانی پیرانشار کە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕ لە بەندی ژنانی ورمێ مانی لە خواردنی چێشت و دەرمان گرتبوو، پاش ١٢ ڕۆژ مانگرتن لەسەر بەڵێنی بەرپرسانی زیندانی ورمێ کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا. یەکێک لە هاوبەندییەکانی ئەم هاووڵاتییە بە کوردپای ڕاگەیاند: «دوای مانگرتنی سۆعدا، بەرپرسی زیندان ناوبراوی بانگهێشت کرد و ئەوی خستە ژێر گوشارەوە کە مانگرتنەکەی بشکێنێت».

### مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خالید سەیفپەناهی» کوڕی ئەحمەد خەڵکی سنە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە سەرۆکایەتی دادوەر «سەعیدی» بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە لە بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکانی دژبەری نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران» بە ٩١ ڕۆژ زیندانی مەحکووم کرا.

ئەفشین حوسێنپەناهی، چالاکی مەدەنی لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «سەعیدی» بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە لە بەرژەوەندیی ڕێکخراوە دژبەرەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران» بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

«مەرزیە مورادوەیسی، سیروان عەبدوڵلاهی، عەتائوڵڵا ڕەزا ڕەبابی، مەهدی سەیفی، فەردین ڕەحیمی، قانع خاتری و عەلی ئەڵڵاوەیسی»، لە ئەندامانی کەمپەینی «ژیانەوەی کوردستان» لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «سەعیدی» سەرجەم بە ١٤ ساڵ زیندان مەحکووم کران.

### کەمکردنەوەی حوکمی زیندانیی:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، حوکمی مەحموود نیرومەند، چالاکی فەرهەنگیی کورد لە گرتووخانەی «وەکیلئاباد»ی شاری مەشهەد، لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی، بۆ دوو ساڵ و ٨ مانگ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «فەرزاد نەجیبی» خەڵکی گوندی «هانەگەرمەڵە»ی شاری پاوە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسود، پێکرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی بانەمەڕ، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەیووب پیرووزی» تەمەن ٢٨ ساڵ کوڕی فەتاح، «ئەبووبەکر فەتاحی» تەمەن ٣٥ ساڵ کوڕی محەممەد، «دانا پیرووزی» تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی عەتا و «ئەیووب پیرووزی» تەمەن ٣٦ ساڵ کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی «سەردۆش»ـی مەریوان بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «دۆڵەبی» پێکران.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی بانەمەڕ، سێ کۆڵبەر بە ناوەکانی «تاهیر قوبادی»، «میلاد قوبادی» و «شادمان کەریمی»، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە بەرزاییەکانی «هانەگەرمەڵە»ی بەخشی نەوسوودی پاوە بریندار کران.

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێک بە ناوی «ئارش عەلی ئەولاد» بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی سنووری نەوسود، بریندار بوو.

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێک بە ناوی «جەماڵ ساڵحی» خەڵکی گوندی «شەشە»ی بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری ئەو شارە پێکرا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەید ئیبراهیم قورەیشی» خەڵکی شاری پیرانشار، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.

ڕۆژی هەینی ٢٣ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی تەمەن ٣٥ ساڵ بە ناوی «مریەم غەفووری» خەڵکی شاری بانە، لە لەوەڕگەی «مێرگە نەخشینە»ی شاری سەقز، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی هەینی ١٦ی بانەمەڕ، ژنێکی مەریوانی بە ناوی «گوڵنار هیمەتی» تەمەن ٣٥ ساڵە کچی هادی، بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی بانەمەڕ، سەربازێک بە ناوی «کامیار عەبدوڵڵاهی» کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی «قزقەپان»ـی شاری پیرانشار، دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شەوی ڕابردوو، یەکێک لە دەرەجەدارەکانی ئەرتش لە شاری کرماشان بە ناوی «مەسعوود ئیزەدی» دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.









